# ڕۆڵی قەتەر لەسەر ئاسایشی وولاتانی هاریکاری کەنداو لە دوای ساڵی ٢٠١٧

د.شالاو عبدالخالق محمد*

وشە کلیلییەکان: قەتەر، ئاسایشی کەنداو، ئەنجومەنی هاریکاری کەندا
https://doi.org/10.31271/jopss.10060

**پوختە**

قەتەر نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، چونکە سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتێکی بە قەبارە بچوکە بەڵام توانیوێتی کە پێگەی خۆی لە ناو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە ڕووی پراکتیکی و تێۆریەوە دەربخات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە ڕۆڵی قەتەر دەربخات وەک دەوڵەتێکی بچوک، لە چۆنێتی هەوڵدانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ئاستی دەرەوەیدا بەتایبەتی لە ڕووی ئاسایشەوە. لەوەش زیاتر، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕۆڵی قەتەر لەسەر ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەربخات، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی کێشەو ململانێکانی لە گەڵ بەشێک لە وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەتایبەتی (سعودیە، ئیمارات، بەحرەین) لە ساڵی ٢٠١٧دا.  لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، کەمن ئەو دەوڵەتە بچوکانەی کە ڕۆڵێکی دیاریان هەبێت لە پەیوەنیە دبلۆماسیەکاندا، چونکە بەشی زۆری دەوڵەتە بچوکەکان هێز و سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی پێویستیان نیە تا پێگەکەیان دەربخات لە ئاستی جیهاندا. بەڵام قەتەر بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جیۆستراتیجی وئەو ئابووریە بەهێزەی کە هەیەتی، کە بەشی زۆری پشت دەبەستێت بە داهاتەکانی نەوت و گازی سروشتی، توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە ئاسایش و ئارامی لە ئاستی هەرێمایەتیدا، وە ئەوەش وایکردووە کە قەتەر گرنگیەکی بەرچاوی پێبدرێت لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدات کە ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە ڕەتکردنەوەی هەژموونی وولاتانی ناو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، لەلایەن قەتەرەوە، وایکرد پێگەی سیاسەتی دەرەوەی قەتەر لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەرەوەیدا زیاتر بەدیار بکەوێت. لە کۆتایدا، ئەم توێژینەوەیە، شیکاریەکی تەواو دەکات بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە ڕووی ئاسایشەوە بەتایبەتی لەسەر ئاستی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەهەردوو لایەنی پاراستنی ئاسایش و دروستکردنی نائارامی.

**الملخص**

**دور قطر في أمن دول مجلس التعاون الخليجي بعد عام ٢٠١٧**

قدم قطر حالة مثيرة للإعجاب من خلال إظهار دورها كدولة صغيرة لها دور رئيسي في نظريات وممارسات العلاقات الدولية. تبحث هذه الورقة في دور قطر كدولة صغيرة، ولا سيما سعيها للحصول

* بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دبلۆماسیەت - زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی زانستە سیاسیەکان
shallaw.mohammed@su.edu.krd

على مكانة أمنية عالية في محيطها الخارجي. كما يوضح الدور الأمني لدولة قطر في دول مجلس التعاون الخليجي ولاسيما بعد ظهور صراع بين قطر وبقية دول مجلس التعاون الخليجي وخاصة (السعودية ، الإمارات ، البحرين ...) في عام ٢٠١٧، ففي أدبيات العلاقات الدولية نادرًا ما تظهر الدول الصغيرة بشكل بارز في العلاقات الدبلوماسية بسبب افتقارها المزعوم القوة والأهمية للعالمية. لكن قطر بحكم موقعها الجغرافي الاستراتيجي وقوتها الاقتصادية الكبيرة التي تعتمد على النفط والغاز الطبيعي، استطاعت أن تلعب دورًا بارزًا في الأمن والاستقرار الإقليميين. وتجادل هذه الورقة أيضًا بأن رفض القيادة القطرية البقاء في ظلال حلفائها أو خصومها داخل مجلس التعاون الخليجي قد منحها موقعًا واعدًا ومؤثرًا في السياسة الخارجية داخل الشرق الأوسط وخارجه. أخيرًا ، تحلل هذه الورقة الدور المهم الذي تلعبه قطر من الناحية الأمنية ولاسيما على صعيد الأمن وزعزعة الاستقرار في دول مجلس التعاون الخليجي.

**Abstract:**

**Qatar's role in the security of the Gulf Cooperation Council countries after 2017**

Qatar presents an impressive case by demonstrating its role as a small country with a major role in international relations theories and practices. This paper examines Qatar's role as a small state, in particular its quest for a high security position in international relations. It also illustrates the security role of the State of Qatar in the Gulf Cooperation Council countries, especially after the emergence of a conflict between Qatar and the rest of the Gulf Cooperation Council countries, especially (Saudi Arabia, the Emirates, Bahrain...) in 2017.In the international relations literature, small states rarely feature prominently in diplomatic relations due to their alleged lack of global power and importance. But Qatar, by virtue of its strategic geographical location and its great economic power that depends on oil and natural gas, has been able to play a prominent role in regional security and stability, and has made its region in the calculations of the major countries. This paper also argues that the Qatari leadership's refusal to remain in the shadows of its allies or rivals within the Gulf Cooperation Council has given it a single and influential position in foreign policy within the Middle East and beyond. Finally, this paper analyzes the important role that Qatar plays in terms of security and destabilization in the countries of the Gulf Cooperation Council.

## پێشەکی

سەرەڕای ئەوەی قەتەر دەوڵەتێکی بچوکە، دەکەوێتە نیمچە دوورگەی عەرەبی، بەڵام جوڵە سیاسی و ئابوریەکانی تەنها کاریگەری لەسەر وولاتانی کەنداو نیە، بەڵکو کاریگەریشی کردۆتە سەر ئاسایشی وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەتایبەتی. سەرەڕای ئەوەی لە (حوزەیرانی ٢٠١٧) هەر یەک لەدەوڵەتانی (سعودیە و ئیمارات و بەحرەین و میسر) بڕیاریاندا کە گەمارۆ بخەنەسەر قەتەر لە هەرسێ دەروازەی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە سەرجەم پەیوەندییە ئابوری و بازرگانی و دیپلۆماسیەکان بپچڕێنن، بەڵام کۆبوونەوەی لوتکەی وولاتانی هاریکاری کەنداو بە ئامادەبوونی میسریەکان و ئەمریکیەکان کە ناسرابوو بە لوتکەی (عولا )کە لە ٧ مانگی یەکی ٢٠٢١ بەسترا لە سعودیە، ئەو ڕاستە دەردەخەن کە قەتەر سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتێکی بچوکە، بەڵام جوڵە سیاسی و ئابووریەکانی ناکرێت پشت گوێ بخرێت.

کەواتە، دەتوانین بڵێن قەتەر یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە نەک لەسەر سیاسەت و ئاسایشی وولاتانی کەنداو بەڵکو لەسەر ئاسایشی وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. تێگەیشتن لە ئاستی ئەو توانا سیاسی و ئەمنیانەی کە هەیەتی، بەرچاوڕوونیەکی باشمان پێ دەدات سەبارەت بەوەی چۆن لە هێزی پیگەی دەوڵەتێکی بچوکی وەک قەتەر تیبگەین لەسەر ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی، چونکە ئەوەی لیکۆڵەرەوەکان ئاماژەی پی دەدەن قەتەر تاڕادەیەک توانیوێتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ململانێ لەگەڵ چەندین دەوڵەتی دراوسێی بکات لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە کە ئەمەش وایکردووە کاریگەری بەرچاوی هەبێت لەسەر ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی دەوڵەتێکی بچوکی وەک قەتەر لەسەر ئاسایشی ناوچەیەکی گرنگ و بەرچاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەویش ناوچەی وولاتانی هاریکاری کەنداوە. لەوەش زیاتر، ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات ئەو ڕاستەیەمان بۆ دەردەخات کە وولاتان قەبارەی جوگرافیان گەورەبێت یان بچوک، بەڵام دەتوانێت هێزی جیوپۆلیتیکی خۆی بەکاربهێنێت لەڕووی سامانە سروشتیەکانەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی خۆیی و سەروەری خاکەکەی.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوە لەوەدایە کە تیشک بخاتە سەر ئاستی کاریگەری پیگەی دەوڵەتی قەتەر لە ڕووی پاراستنی ئاسایشی وولاتانی هاریکاری کەنداو لە هەمانکاتدا ہمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی هەر ناوچەیەک بەستراوەتەوە بە گونجانی بەرژەوەندی سەرجەم ئەو

ئاکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتیانەی کە لەو هەرێم و ناوچەیەدا بوونیان هەیە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

**پرسیاری توێژینەوە بریتی دەبێت لە:-**

١- ئایە قەتەر کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر پاراستن یان لەنگ کردنی ئاسایشی ووڵاتانی هاریکاری کەنداو؟

٢. ئایا بەشێوەیەکی پراکتیکی قەتەر ئەو توانایەی هەیە کە ئاسایشی ووڵاتانی کەنداو بخاتە مەترسیەوە؟ یان تەنها لە توانایدا هەیە جوڵەی سیاسی و ئابووری بچووک ئەنجام بدات دژی ووڵاتانی هاریکاری کەنداو، کە ئەوەش کاریگەری گەورەی نابێت لەسەر لەنگکردنی ئاسایشی ناوخۆیی و هەرێمی ووڵاتانی هاریکاری کەنداو؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

وەک وەڵامدانەوەیەکی سەرەتایی بۆ پرسیاری توێژینەوە، گریمانەی ئەوە دەکەین کە سەرەڕای ئەوەی کە قەتەر وەک قەبارە دەوڵەتێکی بچوکە بە بەراورد بە چەند دەوڵەتێکی تری ناو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بەڵام پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە پاراستن یان لەنگکردنی ئاسایشی ووڵاتانی هاریکاری کەنداو.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدەکانی (مێژووی و شیکاری) وەرگیراوە، سەرەتا بۆ باسکردن و وەسفکرنی توناکای ووڵاتی قەتەر لە ڕووی ئابووی و سیاسی و ئەمنیەوە لە ڕێگەی میتۆدی مێژووییەوە، وەدواتر لە ڕێگەی میتۆدی شیکاریەوە توانا ئابووری و سیاسیەکانی ووڵاتی قەتەر ڕاڤەرکراوە کە چۆن کاریگەری هەبووە لەسەر بەهێزکردنی پیگەی قەتەر لەسەر ئاسایشی ووڵاتانی هاریکاری کەنداو.

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

سەبارەت بە چوارچێوەی توێژینەوەکە لە ڕووی کات و شوێنەوە:

١-ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی جوگرافیاوە زیاتر کاردەکات بۆ دەرخستنی کاریگەری پێگەی دەوڵەتی قەتەر لەسەر ئاسایشی ووڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی.

٢-بەڵام لە ڕووی کاتەوە هەوڵدەدات تیشک دەخاتە سەر ئەو جووڵە و کێشانەی لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە لە نێوان دەوڵەتی قەتەر و ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ڕوویداوە و کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر ئاسایشی ووڵاتانی کەنداو. لە هەمان کاتدا، ئەوەش دەردەخات چۆن قەتەر کاریگەری هەبووە لەسەر بەهێزکردنی ئاسایش ووڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.

**پێکهاتەی توێژینەوە (پلانی توێژینەوە):**

ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بەسەر چوار بەشدا:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە لە ڕێگەی دوو باسەوە دیارترین توانا ئابووری و سیاسی و سەربازیەکانی دەوڵەتی قەتەر دەخەینە ڕوو.

**بەشی دووەم:**ئەم بەشە دوو باس لە خۆ دەگرێت، لە باسی یەکەمدا باس لە وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەکەین لەگەڵ سروشتی پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە لە ڕووی ئەمنیەوە. بەڵام لە باسی دووەمدا، تیشک دەخەینە سەر گرنگترین ئەو کێشانەی کە لە نێوان دەوڵەتی قەتەر و وڵاتانی ئەنجومانی هاریکاری کەنداو سەریان هەڵدا بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٧.

**بەشی سێهەم:** باسی کاریگەری پێگەی دەوڵەتی قەتەر دەکەین لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو. لەم بەشەش لە دوو باس پێکدێت، کە لە ڕێگەی ئەو باسانەوە، کاریگەری و ڕۆڵی قەتەر دەخەینە ڕوو بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیدا.

**دەرەنجام:** لە دەرەنجامدا، گرنگترین ئەو خاڵانە خراونەتە ڕوو کە لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووین.

## بەشی یەکەم:

## هێز و تواناکانی قەتەر لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئەمنیەوە

### دەستپێک

بۆ ئەوەی لە ئاستی هێز و تواناکانی دەوڵەتی قەتەر تێبگەین، وا باشترە ئەو ڕاستەیە ڕوون بکەینەوە کە هەر دەوڵەتێک لە ڕووی بونیادیەوە کۆمەڵێک پێکهێنەر و تایبەتمەندنی تیادایە کە هێزی پێدەبەخشێت لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە، لەوانەش هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی دەوڵەتەکە، قەبارەی دەوڵەت و ژمارەی دانیشتوان، سروشتی سیستەمی سیاسی، ڕێژەی سامانە سروشتیەکان و ئاستی بەهێزی ژێرخان و سەرخانی ئەو دەوڵەتە. ئەوەی جێگەی سەرنجە قەتەر وەک دەوڵەتێک هەر دوای سەربەخۆبوونی لە ساڵی ١٩٧١، چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی دەوڵەتی بەهێزی لەدەستداوە، بەتایبەتی لە ڕووی قەبارەوە بە دەوڵەتێکی بچوک دادەنرێت چونکە قەبارەی ئەو دەوڵەتە تەنها (١١٥٨٦) کم٢ چوارگۆشەیە، وە ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی قەتەر بە پێی نوێترین ڕاپۆرتەکان کە دەزگای پلاندانان و ئاماری وولاتی قەتەر بڵاوبۆتەوە تەنها (٢٦٦٠٧٨٨) هاوڵاتیە[١]. لە ڕووی سیستەمی سیاسیشەوە قەتەر سیستەمێکی حکومڕانی پاشایەتی دەستوری ڕەهای هەیە، کە ئەگەر لەڕووی سیستەمی سیاسیشەوە بەراوردی بکەین بە سیستەمەکانی تر لە ڕووی جێ بەجێکردنی دەسەڵاتەوە، دەتوانین بڵێن سیستەمێکی پەسەندکراوی نیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی[٢] .
ئەگەر چی ئەو تایبەتمەندیانەی باسمان لێوەکرد، خاڵی لاوازی وولاتی قەتەر پشاندەدەن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەڵام قەتەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی تێدایە لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە هێزێکی بەرچاوی پێ بەخشیوە کە بتوانێت لە ڕووی ئاسایشیشەوە لەسەر ئاستی هەرێمی ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لەسەر ڕووداوەکان بەتایبەتی ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەتایبەتی.

### باسی یەکەم: توانا ئابووریەکانی قەتەر

بەپێی نوێترین لێکۆڵینەوە کە کۆڕی ئابووری جیهانی بڵاوی کردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٢٠دا، هاوڵاتی قەتەری بە پلەی یەکەم دێت لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووی داهاتی ساڵانەوە، هەروەها لەسەرجەم

---

[١] بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر ژمارە و ڕەگەزی دانیشتوانی وولاتی قەتەر تکایە بگەڕێرەوە بۆ دەزگای پلاندانان و ئاماری ئەو وولاتە لەم لینکەی خوارەوە:

https://www.psa.gov.qa/ar/statistics1/StatisticsSite/pages/population.aspx

[٢] سیستەمە دسیاسیەکان لە ڕووی جێبەجێکردن و مارەسەکردنی دەسەڵاتەوە دابەشدەکرێن بۆ سیستەمی (١- حکومڕانی تاکە کەسی کەئەوێش پاشایەتی ڕەها و دیکتاتۆریەت دەگرێتەوە Monocracy)، ٢-حکومڕانی کەمینەیەکی جیاواز وشەرەففمەند Aristocracy. ٣- دیموکراسی Democracy کە حکومڕانی گەلە لە ڕێگەی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە جۆری سیستەمە سیاسیەکان لە ڕووی جێبەجێکردنی دەسەڵاتەوە بڕوانە: ثامر كامل محمد الخزرجي، النظام السياسي الحديثة و السياسات العامة، عمان ، دار المجداوي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص٣٤ .

بوارەکانی وەبەرهێنان و بوژانەوەی کەرتەکانی ئابووری، قەتەر بوژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەری دەرەکی بۆ ئەو وولاتە، وە بەپێی ڕاپۆرتی کێبڕکێی جیهانی لە ڕووی ئابووریەوە کە لەساڵی ٢٠١٩دا بڵاوکراوەتەوە، ئابووری قەتەر بەیەکێک لەهەرە ئابووریە کێبڕکێکارەکان دادەنرێت، کە لەسەر ئاستی وولاتانی عەرەبی بە پلەی دووەم دێت، وە پلەی ٢٩یەمینیشی مسۆگەرکردووە لەسەر ئاستی جیهان[٣].

سەرەڕای ئەوەی بەشێکی ئەم بوژانەوە ئابوورییەی لە داهاتی سامانە سروشتیەکانی نەوت و گازەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دانانی پلانی تەندروست بۆ بەرەو پێشبردنی سەرجەم کەرتەکان و بەرزکردنەوەی ڕێژەی وەبەرهێنان لە ناوخۆ و دەرەوەدا، وایکردووە ئەم وولآتە لەڕووی ئابووریەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی بگێڕێت نەک تەنها بۆ بوژانەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیەکانی خۆی، بەڵکو بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵێک وولات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تواناکانی وولاتی قەتەر لە ڕووی ئابووریەوە، ئاماژە بۆ دوو لایەنی سەرەکی کەرتی ئابووری ئەو وولاتە دەکەین کە وایکردووە توانا ئابووریەکانی قەتەر بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە هەڵکشان بکات، ئەوانیش کەرتی نەوت و گازی سروشتی لەلایەک و، کەرتەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان لەلایەکی تر .

**یەکەم: سامانی نەوت و گازی سروشتی وولآتی قەتەر**

نەوت و گازی سروشتی لەو کالا ستراتیجیانەن کە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر هێز و توانای وولاتی قەتەر لەڕووی بەڕێوەبردن و پێشخستنی ئەو وولاتە لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان دەرەکی. ئەوەی شایەنی باسە، بۆ یەکەم جار نەوت لە ساڵی ١٩٣٩ لە قەتەر دۆزرایەوە کە ئەو کاتە خاک و سامانی سروشتی قەتەر لەژێر فەرمانڕەوایی بەریاتانیەکاندابوو، بەڵام گازی سروشتی لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمپانیای شێلی قەتەری دۆزرایەوە واتا ساڵێک دوای سەربەخۆبوونی[٤].

سەبارەت بە سامانی گازی سروشتی وولآتی قەتەر، بە پێی ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی زانیاری وزەی ئەمریکی قەتەر خاوەنی سێهەم گەورەترین یەدەگی گازی سروشتیە لە جیهاندا کە بە ٢٤,٧ ترلیۆن مەتر سێجا دەخەمڵێنرێت کە ئەوەش دەکاتە لە ١٣٪ کۆی یەدەگی گازی سروشتی جیهان، وە قەتەر بە پلەی سێهەم دێت لە دوای ڕووسیا و ئێران لە دەوڵەمەندی گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان،

[٣] Klaus Schwab, the Global Competitiveness Report 2019, World Economic Forum. 2019. P. 15. Available at: http://www3.weforum.org/docs/WEF_TheGlobalCompetitivenessReport2019.pdf.

[٤] Bohra, Moiz Abid. "Optimising Qatar's energy transition through model-based analysis." (2020). PP 23-25.

وەتەنها لە ساڵی ٢٠١٩دا، بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای (BP)ی بەریتانی نزیکەی ١٠٤,٨ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هاناردە کردووە[٥]. هەربۆیەش دەتوانین بڵێین قەتەر بە هەناردەکارێکی گەورەی گازی سروشتی دادەنرێت لەناو بازاڕی وزەی جیهانی.

سەبارەت بە نەوتی خاو، ڕێژەی یەدەگی نەوتی خاوی قەتەر بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی زانیاری وزەی ئەمریکی تەنها نزیکەی ٢٥,٢ ملیار بەرمیلە، وە لە باشترین بارودۆخدا ئاستی هەناردەکردنی ڕۆژانەی نەوتی خاو لەلایەن قەتەرەوە لە ١ بۆ ١,٥ ملیۆن بەرمیل تێ نەپەڕیوە، کە بەبەراورد بە هەناردەی وولاتانی تری وەک سعودیە و ڕووسیا و عێراق و ڤەنزوێلا، ئەو هەناردەیە کاریگەریەکی ئەو تۆی ناکاتە سەر بازاڕی ووزی جیهانی[٦]. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە قەتەر ستراتیجیەتی خۆی گۆڕیوە بەرامبەر بە نەوتی خاو بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨ بەشێوەیەکی فەرمی لە ڕێکخراوی وولاتانی هەناردەکاری نەوت (OPEC) پاشەکشێی خۆی ڕاگەیاند و لە مانگی یەکی ٢٠١٩دا ئەو سیاسەتەی جێ بەجێکرد. وە بەپێی ووتەکانی وەزیری وزەی قەتەری (سەعد بن شەریدە ئەلکەعبی) ئامانج لەو کشانەوەیە گرنگی دانی زیاترە بە کەرتی گازی سروشتی، وە کەمکردنەوەی پشتبەستنە بە داهاتی نەوت پاش ئەوەی کە بازاڕی نەوت تووشی قەیرانی هاوسەنگی نرخ بووەوە[٧]. بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە قەتەر هێزی نەوتی خاوی بۆ پاڵپشتی کەرتی ئابووری و جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی سیاسەتی دەرەوە، پشتگوێ خستووە، بەپێچەوانەوە پلانی داڕشتووە بۆ سوود وەرگرتن نەو ڕێژە نەوتەی کە هەیەتی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەری دەرەکی بۆ بەرەو پێشبردنی پیشەسازی پترۆلێۆم لەناووەی وولات لەلایەک و، هەروەها دەرچوونی لە ڕێکخراوی ئۆپیک لە ڕووی سیاسیەوە جۆرە یاریەکی ئابوری و سیاسی بوو بۆ کەمکردنەوەی فشاری وولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر کۆمپانیاکانی بواری وزەی قەتەر لە ناوبازاڕی نێودەوڵەتیدا.

ئەگەر بڕوانیتە کلێشەی ژمارە (١)، دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاو بە کۆمەڵێک هەڵکشان و داکشاندا تێپەڕیووە لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١٩، بەڵام لە هەمان کاتدا پلاندانان هەبووە بۆ کەمکردن و زیادکردنی نەوتی خاو لەلایەن وەزارەتی وزەی قەتەریەوە لە کاتی گونجاودا، چونکە کاتێک لە ساڵی ٢٠١٨دا، قەتەر بەفەرمی ڕایدەگەیەنێت کە بڕیاریداوە لە ڕێکخراوی ئۆپێک پاشەکشە بکات، بە مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە گازی سروشتی، دەبینین لە ساڵی ٢٠١٩دا، ڕێژەی هەناردەی نەوتی خاوی گەیاندۆتە (٥٢٤،٥٣٨) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە

[5] Shankar Besta, Qatar leads global LNG exports but who else make the top 5? NS Energy, 2019, nd. Available at: https://www.nsenergybusiness.com/features/qatar-global-lng-exports-top-5/


US Energy Information Administration, Qatar is the largest exporter of liquefied natural gas (LNG) in the world, and the country's exports of LNG, crude oil, and petroleum products provide a significant portion of government revenues. eia official website, 2015. Available at: https://www.eia.gov/international/analysis/country/QAT

[6] Ibid.

[7] Ulrichsen, Kristian Coates. (2018). "Why is Qatar Leaving OPEC." New York Times, n.d.

کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٨دا، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاوی تەنها (٤٧٧،٣١٧) هەزار بەرمیل بووە[٨].

**کڵێشەی ژمارە (١)- ئاستی هەناردەکردنی نەوتی قەتەر لە ٢٠٠٨-٢٠١٩**




سەرچاوە: دامەزراوەی گلۆباڵ ئیکۆنۆمی بۆ داتاو زانیاریەکان، ٢٠١٩

لە گرنگتری دامەزراوەکانی کە کاریگەری بەرچاویان هەیە لە پێشخستی کەرتی نەوت و گازی سروشتی وولاتی قەتەر بریتین لە[٩]:

1. قەتەر بۆ پترۆل Qatar Petroleum
2. قەتەر بۆ گازQatar Gas
3. رەئس گاز Rasgas

گرنگترین کێڵگە نەتی و گازیەکانی وولاتی قەتەر بریتین لە (کێڵگەی دوخان، کێڵگەکانی عەدی رۆژهەڵات، کێڵگەی مەیدان مەحزوم، وبو حەنین، ئەلبوندق، ئەلشاهین، ئەلریان، خەلیج، وکێڵگەکانی کەرکەرەی دەریایی)، لەگەڵ کێڵگەی باشوری گازی سروشتی کە بەگەورەترین کێڵگەی گازی دادەنرێت لە کەنداو کە یەدەگی گازی سروشتی لەو کێڵگەیە بە نزیکەی ، ٩٠٠ ترلێۆن پێ سێ جا دادەنرێت)[١٠]. کە ئەو ڕووداوەش لەو کاتەدا گۆڕانکاریەکی گەورە دادەنرا لە ڕووی ئابووری و

---

[٨] بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە لە ناوەندی زانیاری و شیکردنەوەی داتاکانی (CEIC) لە:
CEIC, Qatar Crude Oil: Exports،, , 2019, Available at:
https://www.ceicdata.com/en/indicator/qatar/crude-oil-exports

[9] For more information about these energy companies, you can go back to their official website available at: www.qp.com.qa , www.qatargas.com , www.rasgas.com.

[10] Ministry of Foreign Affairs-Qatar, Oil and Gas Sector, 2019. Available at:

جیۆسیاسیەوە، چونکە کاریگەری وزەی گازی سروشتی هەنگاو بەهەنگاو دەردەکەوت بەتایبەتی بۆ وولاّتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

ڕۆڵی سامانە سروشتیەکانی نەوت و گازی سروشتی قەتەر لە پێشخستنی ئابووری قەتەر زۆر دیار و بەرچاوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆ جاری یەکەم کەشتی گازی سروشتی هەناردەی دەرەوەی قەتەر کرد لە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٩٧گەیاندیە کەناراوەکانی وولاّتی یابان.[11] وە هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی بەرەوپێشبردنی ئابووری قەتەر کە بەشێوەیەکی گشتی پشتی بە سامانە سروشتیەکان بەستبوو بەتایبەتی گازی سروشتی بریتیبوون لە[12]:

1. بەدەستهێنانی بەرزترین ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری.
2. بەگەرخستنی سەرجەم سەرچاوەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی بێ کاری.
3. گەیشتن بە هاوسەنگی گشتی لە نرخەکان، وە ڕووبەڕروو بوونەوەی هەڵئاوسانی دارایی.
4. پاراستنی هاوسەنگی لە نرخی سەرفی دراوی نیشتمانی.
5. پاراستنی هاوسەنگی لە بووجەی گشتی دەوڵەت.
6. بەدەستهینانی دادگەری لە بەخشینەوەی داهات و دژایەتی کردنی هەژاری.

قەتەر کاری لەسەر ئەو ستراتیجیەتانە کرد، بە پاڵپشتی هیزی سامانە سروشتیەکانی نەوت و گازی سروشتی، تا توانی ڕەهەندەکانی بوژانەو ە و پێشکەوتنی ئابوری لەبەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە و بگات بەچەندین سەرکەوتنە بواری ئابووریدا، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١١ ئابووری قەتەر پێشکەوتنێکی بەرچاوی تۆمارکرد لە ڕووی:

- بەرزبوونەوەی ڕێژەی زیادەی داهاتی نێوخۆیی، کە کاری کردەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی ناوەندی داهاتی تاکەکەس.
- وە ئاماژەکانی بووجەی گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووە بە بڕی (١٤،٣ ملیار دۆلار) لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٦-٢٠١١.
- بووجەی بەخشینی قەتەریش زیادەی تۆمارکرد بە بڕی (٤٥٠ ملێۆن دۆلار) بۆ (٨ ملیار دۆلار) لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠١١دا.
- هەروەها زیادەی نەختینە کە بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی زیادەی هەڵگیراو (یەدەگ) فەرمی لە (٥،٥ ملیار دۆلار) لە ساڵی ٢٠٠٦، بەرزبۆوە بۆ (٣٧ ملیار دۆلار) لە ساڵی ٢٠١١دا.

ئەگەر قۆناغی ساڵەکانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠ وەربگرین، بە پێی ڕاپۆرتی بانکی دەزگای ئامار و پلاندانان و بانکی مەرکەزی قەتەری لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکانی نێوان وولاّتی قەتەر و

https://www.mofa.gov.qa/en/qatar/economy-today/oil-and-gas-sector

[11] أخلاص قاسم نافل. "دور الغاز الطبيعي في تطور الاقتصاد القطري: الملامح والآفاق، القاهرة، المجلة السياسية والدولية، ٢٠١٥، ص ٩٩.

[12] هەمان سەرچاوەر، لاپەرە ١٠٣.

بەشێک لە وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو، دەبینین کە لە پێش سەرهەڵدانی قەیرانەکە پشە دارایەکانی قەتەر نەخی گەیشتۆتە (٤٠،١٩) ملیار دۆلار، بەڵام دواتر قووڵ بوونەوەی قەیرانەکان نرخی پشکەکان دابەزیووە بۆ ٣٤ (ملیار دۆلار)[١٣]. هەروەها لەلایەکی ترەوە، ئەو قەیرانە سیاسیە وسەرهەڵدانی قەیرانی نەخۆشی کۆرۆنا کاریگەی تەواوی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ئەو داهاتەکانی دەوڵەتی قەتەر، بۆنموونە، بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگای پلاندانانو ئاماری قەتەری کە لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە، ڕێژەی گەشەی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠١٦ د(٢،١) بووە، دواتر دابەزیووە بۆ (١،٦) لە ساڵی ٢٠١٧، پاشان لە ساڵی ٢٠١٨ جارێکی تر دابەزیووە بۆ (١،٥)، ئەم ڕێژەی دابەزینە بەردەوام دەبێت تا ساڵی ٢٠١٩ وە دەگاتە (٠،٢-)، وە بەشێکیش لە هۆکارەکانی ئەو دابەزینە دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی نرخی نەوت و گازی سروشتی لەوماوەیەدا، کە بەتایبەتی بەهۆی نەخۆشی کۆرۆنا بازاڕی ووزەی جیهانی تووشی قەیرانێکی گەروەبوو[١٤].

ئەوانەی ئاماژەمان پێدان نیشانەی گرنگی بەرەوپێشچوونی ئابووری قەتەرن بەهۆی داهاتی کەرتی نەوت و گازی سروشتیەوە. کە دەتوانین بڵێن، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی نەوت و گاز لە بەرەوپێشبردنی ئابووری ووڵاتی قەتەر بەپلەی یەکەم دێت بەدرێژای دروست بوونی ئەو دەوڵەتە، وە هەروەها ئەو کاریگەریە لە پێش قەیرانە سیاسیەکە و دوای سەرهەڵدانی ئەو قەیرانەش لە ساڵی ٢٠١٧دا بەتەواوی دەرکەوتووە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە دەوڵەتی قەتەر نەیتوانیووە ڕووبەڕووی ئەو قەیران و کورتهێنانە داراییانە ببێتەوە، بەپێچەوانەوە، قەتەر چەندین ڕێگەی تری گرتەبەر بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی و ئەنجامدانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێناندا، کە تاڕادەیەکی زۆر باش توانی زاڵبێت بەسەر ئەو قەیرانە ئابووریانەی کە بەهۆی ئەو ململانێ سیاسیانەوە دووچاری ببوو لە ساڵی ٢٠١٧ تا٢٠٢٠.

**دووەم: توانای بازرگانی و وەبەرهێنانی قەتەر**

بابەتی بازرگانی و وەبەرهێنان یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئابووری گشتی بەرەو پێش بردوە لە ووڵاتی قەتەر. سەرەڕای ئەوەی لایەنی بازرگانی و بابەتی وەبەرهێنان بەپاڵپشتی وەبەر هێنەری بیانی بۆتە هۆکاریکی سەرەکی گواستنەوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ ئەو ووڵاتە، بەهەمان شێوەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەرەو پێشبردنی ژێرخانی ئابووری و زیادکردنی داهاتی دارایی و ئابووری ووڵاتی قەتەر بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو.

قەتەر وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، چەن خاڵێکی بەهێزی تێدابووە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەر و بازرگانی بیانی لەوانەش[١٥]:

---

[١٣] بۆ زیاتر زانیاری تکایە بگەڕێرەوە بۆ ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی قەتەر وبانکی بازرگای قەتەر ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠. کە بەشێک لەزانیاریەکان لالایەن ناوەندی هەوڵی ئەنەدۆڵ لە دەوحە کورتکراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. محمد فريد محمود، بالأرقام.. اقتصاد قطر ينهي عام الحصار الثالث بقوة أكبر، الدوحة / الأناضول، ٢٠٢٠.

[١٤] تقرير جهاز التخطيط و الحصاء، الآفاق الإقتصادية لدولة القطر، ٢٠٢٠، ص ٩-١٧.

[١٥] تقرير التنمية البشرية برنامج الأمم المتحدة الانمائي، نيويورك، ٢٠١١، على رابط:

1. بوونی ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی.
2. هەڵکەوتەی جوگرافیای ئابووری ئەو وولاَتە کە لە سێ لاوە بە ئاو دەورە دراوە.
3. پەیڕەوکردنی سیستەمی بازاڕی ئازاد و کرانەوەی ئابووری بەڕووی وەبەرهێنەرانی سەرجەم وولاَتانی جیهان.
4. دارشتنی یاسای باجی گونجاو بێکێشە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهینەران.
5. هەروەها لە کۆتایی سەدەی بیستدا خەسڵەتێکی تریش بۆ زیاد بوو کە وەک خاڵێکی بەهێز دەکرێت باسبکریت، کە دەتوانین بڵێن بەهەمان شێوەی وولاَتانی دراوسێی لە کەنداو لە پاڵ ئیماراتدا، قەتەریش ململانێ دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی بازرگانی جیهانی.

هەموو ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە، وای لە قەتەر کرد کەسەرەڕای ئەوەی داهاتەکانی نەوت و گازی سروشتی سەرچاوەی سەرەکی ئەو وولاَتەبوون، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە بەتایبەتی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٨دا، وایکرد کە قەتەر زیاتر گرنگی بدات بە بابەتی وەبەرهێنەری دەرەکی و کەرتەکانی تری دارایی و ئابووری. بۆ نموونە، بەپێی ڕاپۆرتی دەزگای پلاندانان و ئاماری قەتەری لە ساڵی ٢٠١٨ دا، کەرتە ئابووریەکانی دوور لە نەوت، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە بەژداریکردنی لە داهاتی ناوخۆیی گشتی لە ساڵی ٢٠١٧ گەیشتۆتە نزیکەی ٦٧،٧ملیار دۆلار. هەربۆیەش لە ساڵی ٢٠١٨، حکومەتی قەتەر وەکو هاندانێک بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەری دەرەکی هەوڵی داوە، ئەو کۆت و بەندانە بەیاسا کەم بکاتەوە کە پەیوەندیدارە بە بابەتی باج و ڕەسمە داراییەکان و ڕێژەی موڵکداری سەر کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە بیانیەکان. بۆ نموونە، بەپێی یاسای وەبەرهێنان کە لەساڵی ٢٠١٠ دەرچوو بوو، تا ساڵی ٢٠١٧، وەبەرهێنەری بیانی تەنها بۆی هەبوو لە یەک کەرتی ئابووری وەبەرهێنان بکات و وە ڕێژەی موڵکداریەکەی دیاری کراوبوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا حکومەتی قەتەری یاسایەکی دەرکرد تایبەتی بە وەبەرهینەرانی کە بە ئەسڵ قەتەری نین، کە لەمەودوا دەتوانن لە زۆر کەرتی تر وەبەرهینان ئەنجام بدەن و ڕێژەی موڵکداریەکەشیانی بەرزکردەوە بۆ نزیکەی ١٠٠٪[١٦].

کە دەتوانین بڵێن ئەمە پاڵپشتیەکی باشبوو بۆ ڕاکێشانی هێز و تواناکانی وەبەرهێنەری بیانی و بەرزکردنەوەی داهات و ئابووری وولاَتی قەتەر ، بەتایبەتی بۆ دەربازبوون لە ئەو فشارە ئابوریە گەورەیەی کە لەلایەن بەشی زۆری وولاَتانی هاریکاری کەندا و بەشێک لە وولاَتانی عەرەبی خرابوویە سەری بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات و بەحرەین ومیسر.

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێدانە سەرەڕای ئەوەی قەتەر هەوڵدەدات کە ئابووریەکەی جۆراو جۆربکات بە پاڵپشتی وەبەرهینەری دەرەکی، بەڵام سروشتی جوگرافی و بارودۆخی ژینگەی ئەو وولاَتەی کێشەی بۆ حکومەتەکە دروست کردووە، بەوەی کە سەرچاوەو و خاکی بەپیتی زۆری نیە تا وەبەرهێنانی تێدابکات. هەر بۆیە، حکومەتی قەتەری بەشێوەیەکی سەرەکی دوبارە سەرنجی

http://hdr.undp.org/en/reports/global

[16] Law no. (1) Of 2019 On Regulating Non-Qatari Capital Investment in the Economic Activity. Available at: https://investmentpolicy.unctad.org/investment-laws/laws/314/qatar-law-no-1-of-2019

وەبەرهینەری بیانی ڕاکێشاوە لەڕێگەی کەرتەکانی نەوت و گاز و وەبەرهێنانی وزە و گواستنەوە و کەرتی خانوو بیناسازی و ئاڵوگۆڕی بازرگانیەوە. کە سەرەڕای ئەوەی دەتوانین ئەوە بەخاڵێکی لاواز بۆ ئابووری دەوڵەتی قەتەر هەژمار بکەین، بەڵام ستراتیجیەت و پلانی دەوڵەتی قەتەر لە ڕێگەی بەگەرخستنی لایەنی بازرگانی و وەبەرهێنانەوە، تا ئێستا توانیویەتی بەیەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکان هەژمار بکرێت لەسەر ئاستی جیهان بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٧دەوە. بۆ نموونە، بە پێی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدان وولاتی قەتەر تا ساڵی ٢٠١٧ ئاستی وەبەرهێنان بیانیی دابەزیبوو بۆ نزیکەی (١٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیار دۆلار، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ دا ئاستی وەبەرینانی بیانی بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی تا گەیشە نزیکەی (٣٤٠٠٠٠٠٠٠٠) ملیار دۆلار[١٧].

لەگەڵ بەگەرخستنی وەبەرهێنەری بیانیدا، حکومەتی قەتەری هەوڵیدا پلانە ئابووریەکانی لە بواری کاری مامەڵە بانکیەکاندا زیاتر بکات بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٨وە، وە لەو کاتەوە ئاسانکاری مامەڵەی بازرگانی لە ڕێگەی بانکەکانەوە زیادی کردوو فراوانتربوو. هەر ئەمەش وایکرد کە قەتەر سوودێکی بەرچاو لە مامەڵەی ئاڵۆگۆری بازرگانی لە ڕێگای بانکەکانەوە بەدەست بهێنێت. بۆ نموونە، ئەگەر بەراوردی بەرەو پێشچوونی تواناى مامەڵە بازرگانی وولاتی قەتەر بکەین کە لەڕێگەی بانکەکانی ئەو وولاتەوە ئەنجام دراوە، دەبینین لە ساڵی ٢٠١٨ قەتەر پلەی ٨٣ وەرگرتووە لە نێوان ١٩٠ وولات لە ڕووی ئاسانکاری مامەڵە بازرگانیەکانی لە ڕێگەی بانکەکانیەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩تا ٢٠٢٠دا، ئەم پلە بەندیە ئاستەکەی بەرزبۆتەوە بووە کە وایکردووە ڕیزبەندی ٧٧ بەدەست بهێنێت لە نێوان ١٨٣ دەوڵەتی جیهاندا[١٨].

/ لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین، قەتەر یەکێکە لە هەرە دەوڵەتە سەرنجڕاکێشەکان لە بواری ئابووری و داراییەوە، بەتایبەتی لە ڕووی وەبەرهێنانی بیانی و مامەڵە بازرگانیەکانەوە. کە ئەمەش وایکردووە پێشبینی بکرێت قەتەر ببێتە سەنتەری جیهانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و شان بەشانی دەوڵەتی ئیمارات لە ناو وولآتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو توانا ئابووریەوە بۆ بەهێزکردنی هێزو توانا سیاسیەکانی دووبارە بەکاربهێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەو گەمارۆ ئابووری و سیاسیەی کە خرابووە سەری لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە لەلایەن سعودیە و ئیمارات و بەحرەین و میسر.

[١٧] جهاز التخطيط والإحصاء في دولة قطر "مسح الاستثمار الأجنبي في قطر" ، (٢٠١٩)، ص١٣. للمزيد من المعلومات انظر الرابط الرسمي للجهاز التخطيط والإحصاء لدولة قطر في:
https://www.psa.gov.qa/ar/statistics1/pages/topicslisting.aspx?parent=Economic&child=ForeignInvestment .

[١٨] البنك الدولي ، "الاستثمار الأجنبي المباشر، صافي التدفقات (ميزان المدفوعات ، بالأسعار الجارية للدولار الأمريكي) قطر" البنك الدولي. ٢٠١٩/١٢/٣ https://data.worldbank.org/indicator/BX.KLT.DINV.CD.WD?

**باسی دووەم: توانا سیاسی و سەربازیەکانی دەوڵەتی قەتەر**

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، قەتەر وەک یەکێک لە وولاتە بچوکەکانی ناوچەی کەنداو بەبەراورد بە وولاتەکانی تر، توانا سیاسی و سەربازیەکانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی. کە ئەمەش وایکرد جولە سیاسیەکانی قەتەر لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەسەر ئاستی وولاتانی عەرەبی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەژموونی ئەو وولاتە زیاتر بەرفراوان بکات، بە بەراورد بە وولاتانی تری ناوچەکە. کە بەشێکی فراوانبوونی ئەو هەژموونەش بۆ بوونی ئەو پەیوەندیە ئابووری و سیاسیە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە کە قەتەر هەیەتی لەگەڵ بەشێکی گرنگی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان. کە ئەمەش وایکردووە کە قەتەر نەک تەنها ململانێ لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک سعودیە بکات بەڵکو ململانێکانی بەرەوڕووی بەشی زۆری وولاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو زیاتر گەشەپێبدات بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە.

ئەوەی شایەنی دووبارە ئاماژە پێکردنە ئەوەیە، کە قەتەر بەشی زۆری ئەو پەیوەندیە سیاسی و سەربازیانەی دروستی کردووە، بە هۆی ئەو ڕێژە زۆرەی سامانە سروشتیەکانی نەوت و گازی سروشتیەوەیە کە دەکەوێتە ژێرخاکەکەیەوە. کە ئەمەش وایکردووە ئەو پلانە سیاسیانەی کە هەیەتی بە پاڵپشتی توانا ئابووریەکانی لە چەندین کێشەی جۆربەجۆری سیاسی لە ئاستی وولاتانی عەرەبی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تاڕادەیەک جێ بەجێ بکات بەسەرکەوتووانە لە بەرژەوەندی خۆی، لەوانە کێشەی ئیسلامی سیاسی و گروپە توندڕەوەکان، کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، کێشەی ئیران و وولاتانی کەنداو[١٩].

لەهەمانکاتدا، قەتەر پەیوەندی ئەمنی و سەربازی دوولایەنەی تۆکمەی هەیە لەگەڵ یەکێک لە وولاتە زلهێزەکانی جیهان کە ئەویش وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە ئەو ڕێکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ دوای جەنگی یەکەمی کەنداو، لە نێوان ئەمریکا و قەتەر واژووکرا لەژێر ناوی (ڕێکەوتنی پارێزگاری ئەمنی ئەمریکا -قەتەر)، یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە لەو ڕیکەوتنامەیەدا هەبوو بریتیبوو لە دروستکردنی بنکە سەربازی (عەدید) کە دەکەوێتە دەوحەی پایتەختی قەتەرەوە، کە بەگەورەترین بنکەی سەربازی هەمەلایەنانەی وولاتی ئەمریکا دادەنرێت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشووری ئەفریقا[٢٠]. لەوەش زیاتر بەرفراوانکردنی پەیوەندیەکانی قەتەر لەگەڵ دوو هێزی گەورەی هەرێمی وەک ئێران و تورکیا، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بەهێزبوونی هەژموونی سیاسی قەتەر بەتایبەتی بەسەر وولاتانی عەرەبی و کەنداوە وە.

بەشیوەیەکی گشتی ئەو توانا سیاسی و سەربازیانەی کە قەتەر هەیەتی، دەتوانین بڵێین لەخۆیەوە و تەنها بە پاڵپشتی سامانە سروشتیەکان دروست نەبووە، بەڵکو قەتەر وەک دەوڵەتێکی دامەزراوەیی کۆمەڵێک ستراتیجی خۆی هەبووە بۆ بەرفراوانکرنی هەژموونی سیاسی خۆی لە

[19] Papish, Gregory, and M. Monshipouri. "Saudi Arabia vs. Qatar: The Battle for Regional Hegemony The rise of Al-Jazeera's influence." (2020). P.3.

[20] Ibid. Papish, Gregory, and M. Monshipouri, P.4.

ناوچەکەدا، وەگرنگترین ئەو ستراتیژیەتانەش کە قەتەر پشتی پێ بەستووە بریتیبوون لە[٢١]:

1. ستراتیجیەتی سەربەخۆی ئابووری.
2. ستراتیجیەتی سەربەخۆی سیاسی.
3. بوونی سیاسەتی دەرەکی تایبەت بەخۆیی و (جیاواز لە وولآتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو).
4. بەگەرخستنی پرۆژەی هاندانی زیادکردنی نیشانەی بازرگانی نێودەوڵەتی، بۆ ڕاکێشانی وەبرهێنەری بیانی بۆ جێکردنەوەی براندەکانیان لە ناو خاکی قەتەردا.

هەموو ئەو ڕیگایانەی سەرەوە وای لە دەوڵەتی قەتەر کرد کە دووبارە سیاسەتەکانی خۆی بەشیوازێکی جیاواز دابرێژێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، کە بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی تاڕادەیەک بەشێوەیەکی بێ لایەنانە لە ناو ململانێ نێودەوڵەتیەکاندا ڕۆڵی خۆی بگێرێت لە ناوچەکەدا، و لەهەمان کاتیشدا سەرنجی بەشی زۆری کۆمپانیای وولآتانی جیهان ڕابکێشیت بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە قەتەر.

بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە لە ڕووی ڕۆلی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی قەتەرەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانەکانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کە لە دوای ساڵی ٢٠١٠وە، دەست پێ دەکات و وە کاریگەریەکەی لەسەر هەژموون و جوڵە سیاسیەکانی وولآتی قەتەر بەجێ هێشتووە لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە تا ئێستا. وە بۆ دەرخستنی توانا سیاسی و بەرگریەکانی یان سەربازیەکانی دەتوانین هێزو تواناکانی دابەش بکەین بەسەر دوو جۆردا:

**یەکەم: توانای جوڵە سیاسیەکانی قەتەر لەسەر ئاستی دەرەوە**

سیاسەتی دەرەوەی هەر وولآتێکیش بریتیە لە کارلێکردنی کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆ و دەرەکی کە لە دەرەئەنجامدا دەبێتە هۆی دەرچوونی کۆمەڵێک بڕیار و سیاسەت کە لەلایەن بڕیاربەدەستانی دەوڵەتەوە لە ئاستە جیاجیاکاندا بە شێوازی جیاواز و ڕێگەی جیاواز لە بەرژەوەندی دەوڵەت جێ بەجێدەکرێت، کە ئامانج لەم بڕیار و سیاسەتانە بەلای کەمەوە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و سەربەخۆییەکەیەتی، بەڵام لە ئاستێکی باڵادا ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی هەر وولآتێک سەپاندنی هەژموونی خۆیەتی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا.

قەتەریش بەبەراورد بە قەبارەکەی، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی چەندین جوڵەی جۆراوجۆر و بڕیاری سیاسی داوە، کە بەشێکی ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە قەتەر هێزێکی سیاسی دیاری هەیە لەپاڵ هێزە ئابووریەکەیدا. کە دەتوانین بڵێن وەک یاریکەرێکی سیاسی چالاک دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە سنوری جوگرافیاکەی خۆی کە کەنداوی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئامانج لە گرنگیدانی قەتەر بەجووڵە سیاسیەکانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا،

---

[21] Cooper, Andrew F., and Bessma Momani. "Qatar and expanded contours of small state diplomacy." The International Spectator 46.3 (2011). p. 114.

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەرووی دەبوونەوە بەتایبەتی زیادبوونی هەژموونی بەشێک لە وولاتانی کەنداوی عەرەبیەوە . هەربۆیەش بڕیاریدا لە هەژموونی سیاسی خۆی لەڕێگەی دارشتنەوەی سیاسەتی دەوەی بەهێزبکات. بۆیە قەتەر سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵێک بڕیاریدا هاوبەشە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی کەنداوی عەرەبیدا، بەڵام لە ساڵەکانی دوای ٢٠١١ وە، توانی بەشێوەیەکی جیاوازتر سیاسەتی دەرەوەی بەرجەستە بکات. بەتایبەتی دوای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن شێخ تەمیم بن حەمد ئال سانیەوە(الشيخ تميم بن حمد آل ثاني) لەساڵی ٢٠١٣دا، پاش ئەوەی کودەتایەکی سپی کرد بەسەر باوکیدا شێخ حمەد بن خەلیفە ئال سانی(الشيخ حمد بن خليفة آل ثاني)[٢٢]. کەواتە دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی قەتەر بە دوو قۆناغی دیاردا تێ پەڕیووە:

أ- **قۆناغی پاراستنی ئاسایش و سەروەری:** کە ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٧١ دەستپێ دەکات تا ساڵی ٢٠١١، چونکە لەو قۆناغەدا سەرەتا قەتەر چووە ناو پەیوەندیەکی وابەستەی لەگەڵ دەوڵەتی سعودیە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی خۆی لە بەرامبەر ئێران، بەتایبەتی دوای ڕووخانی شای ئێران، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٩٢کاتێک ڕێکەوتنامەی هاوپەیمانێتی بەرگری لەگەڵ ئەمریکادا واژوو کرد، ووردەوردە هەوڵیدا لەژێر هەژموونی دەوڵەتی سعودیە بێتە دەرێ، بەتایبەتی دوای پێشوازیکردنی لە هیزی سەربازی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٢دا، کردنەوەی چەند بنکەیەکی سەربازی بۆ هێزەکانی ئەمریکا[٢٣].

ب- **قۆناغی کرانەوە و فراوانکردنی هەژموون:** لەم قۆناغەدا دەتوانین بڵێن لە دوای ساڵی ٢٠١٣وە دەستپێدەکات و سیاسەتی دەرەوەی قەتەر زیاتر سەربەخۆی پێوە دیارە، کە تیایدا هێزی نەرمی خۆی لە ڕێگەی بەگەرخستنی پارە و میدیا بەهێز دەکات، کە ئەوەش هێز و توانایەکی وای بە قەتەر بەخشی کە بتوانێت لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە سیاسەتی هێرشبەرانە بگرێتەبەر لەسەر ئاستی هەرێمی بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی و فراوانکردنی ڕۆڵی سیاسی خۆی لەسەر ئاستی دەرەوە ، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیەوە[٢٤].

ئەوەی جێگای ئاماژەدانە ئەوەیە قەتەر سێ بابەتی سەرەکی کردووە بە کەرەستەی فراوانبوونی هەژموونە سیاسیەکەی و بەهێزکردنی ڕۆڵ و توانا سیاسیەکانی کە ئەوانەش بریتین لە[٢٥]:

**یەکەم:** کێشەی فەلەستین، بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی نەتەوەی عەرەب بەلای خۆیدا.

**دووەم:** پشگیریکردنی ئەندامانی گروپی برایانی موسوڵمان (جماعة الاخوان المسلمين).

**سێهەم:** دەزگای میدیایی جەزیرە وەک بەشێک لە هێزی نەرمی قەتەر بۆ فشار خستنەسەر وولاتە

[22] Ibid, Cooper, Andrew F., and Bessma Momani. P.117.

[23] Kabalan, Marwan. "Actors, Structures and Qatari Foreign Policy. Al Muntaqa2, no. 2 (2019). p61.

[24] Ibid, p62.

[٢٥] لينا الخطيب، سياسة قطر الخارجية وموازين القوى في الخليج، مؤسسة كارنيغي للسلام الدولي، (٢٠١٤). ب.ص. موجودة على: https://carnegieendowment.org/sada/56584

نەیارەکانی لە ڕێگەی جوڵاندنی هێزی جەماوەر لەناوخۆی وولاتانی عەرەبی بەتایبەتی لە میسر و بەشێک لە وولاتانی کەنداوی عەرەبی لەوانەش سعودیە و ئیمارات.

**چوارەم:** ڕۆڵی ناوەندگیری سیاسی لە کێشەکاندا.

ئەم مامەڵە و جوڵانەی قەتەر لەسەر ئاستی پەیوەندیە نێودەولەتیەکان نەک تەنها بۆ دەوڵەتان بەڵکو بۆ لێکۆڵەرەوانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش دیاردەیەکی نوێیە، چونکە هەمیشە وولاتە بچوکەکان لە بارودۆخی قەیرانی نێودەوڵەتی و نادڵنیایی ئاسایش و سیاسیدا، زیاتر بەلای خۆدوورخستنەوە وپاراستنی ئاسایشی خۆی هەنگاو دەنێت، بەڵام قەتەر بەپێچەوانەوە هەوڵدەدات نەک تەنها ڕۆڵی هەبێت لە ڕووداوە سیاسیەکانی کە لە چواردەوریدا ڕوودەدەن، بەڵکو هەندێک جار ڕۆڵی سەرکردایەتیش دەبینێت لە یەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسی و ئەمنیەکاندا.

بۆنموونە، ئەگەر ووردبینەوە لە جووڵە سیاسیەکانی قەتەر لەئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین کە ڕۆڵ وجوڵەی قەتەر تەنها لەبەرامەبر ململانێکانی بەرامبەر وولاتانی عەرەبیدا چڕنەکراوەتەوە وەک ئەوەی کە روویدا بەرامبەر بە دژایەتی کردنی دەوڵەتی سعودیە لە بەرامبەر پشگیریکرنی حکومەتەکەی حسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووی میسر، کە دواتریش قەتەر بە هەموو شێوەیەک پشگیری حکومەتەکەی محمد مرسی کرد، بەڵام ئەوحکومەتە نەیتوانی زۆر بەردەوام بێت، بەڵکو قەتەر بەرامبەر چەند دەوڵەتێکی هەرێمی بەهیزیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵوێستی نواندووە. بۆنموونە دەبینین لە کێشە وشەڕە ناوخۆیەکانی وولاتی سووریادا، قەتەر ڕووبەڕووی ئێران بووەوە کاتێک پشگیری بەشیک لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریای کرد دژی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد[٢٦].

هەروەها سەبارەت بە ئاستی پەیوەندی نێوان قەتەر و تورکیا، بەپێی ڕاپۆرتێک کە پەیمانگای گۆڵندا بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بڵاوی کردۆتەوە لە مانگی یەکی ٢٠٢١دا، لە ژێرناوی خۆشەویستی تورکیا بۆ قەتەر- هاوسەرگیری بەرژەوەندی، ئەو ڕاستەیە دەردەخات کە سیاسەتی دەرەوەی قەتەر بەرامبەر تورکیا تاڕادەیەک بەهێز و هاوسەنگ بووە و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیدابووە، وە ئەو دوو وولاتە توانیویانە هێز بە یەکتری ببەخشن بە شێوازی جیاواز پاڵپشتی لە یەکتری بکەن(قەتەر بە پشگیری ئابووری بۆ تورکیا، تورکیاش بەپێشکەشکردنی هاوکاری سەربازی و پاڵپشتی سیاسی بۆ دەوڵەتی قەتەر)، سەرەڕای ئەوەی مێژووی بنیادنانی هاوپەیمانی نێوان قەتەر و تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٢، بەڵام لە دوای ٢٠١٧وە ئەو هاوپەیمانێتیە بەشیوەیەکی زۆر ئاشکرا خۆی دەردەخات، بەتایبەتی کاتێک قەتەر دووچاری قەیرانی سیاسی دەبێتەوە لەگەڵ وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە ساڵی ٢٠١٧، پەرلەمانی تورکی بەپێی یاسا ڕێگە بە هێزی سەربازی تورکیا

[26] Ibid, Kabalan, Marwan. p63.

دەدات کە پشگیری سەبازی ڕاستەوخۆ پێشکەش بەقەتەربکەن، هەروەها کاتێک تورکیاش دووچاری قەیرانی دارایی دەبێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨دا ئەمریکا فشاری ئابووری دەخاتە سەر تورکیا، بەو هۆیەشەوە هێزی ئابووری و لیرەی تووركی ڕوو لە داڕوخان کردبوو، قەتەر بەبڕی ١٥ ملیار دۆلار  پشگیری دارایی پێشکەش بە تورکیا کرد هەر لە ساڵی ٢٠١٨ تا٢٠٢٠، کە ئەو بڕا پارەیەش بەشێکی لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە پیشکەش بە کەرتە ئابووریە جیاوازەکانی ناو تورکیا کران، بەشێکیشی بۆ ئاڵوگۆڕی دراوی دۆلار بەرامبەر لیرە (مقايضة العملة) لە لایەن هەردوو بانکی ناوەندی تورکیا و قەتەرەوە بەکارهێنرا لە پێناوی بەرزکردنەوەی لیرەی تورکی، وەک پشگیریەک بۆ ڕێگرتن لە داڕووخانی بەهای دراوی تورکیا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠یشدا قەتەر لە سەدا ٪١٠ی پشکەکانی بۆرسەی ئەستەنبوڵی کڕیەوە وەک پشگیریەک لە ڕیگرتن لە داڕووخانی لیرەی تووركی[٢٧].

لەلایەکی ترەوە، دەوحەی پایتەختی قەتەر وەک پێگەیەکی ستراتیجی سیاسی لە بەشی زۆری دانووستانە سیاسی و دبلۆماسیەکاندا ڕۆڵی خۆی بینیوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێن.

وە دەسەڵاتدارانی قەتەر توانیویانە لە ڕێگەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و ئەمنیانەی کە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر ڕوودەدەن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەریمی ڕۆڵی سیاسەتی قەتەر بەرز نیشان بدەن. بۆ نموونە، لە دواین ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ڕوویدا، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان و دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەفغانستان بوو لەلایەن هێزەکانی تالیبانەوە، دەبینین لە ڕووداوەشدا، قەتەر توانیوێتی ڕۆڵ بگێڕێت و بەشێکی زۆری دانووستاندنە نهێنی و ئاشکرا سیاسی و ئەمنیەکانی پەیوەنیدار بەو ڕووداوە وە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر ڕووی داوە.

**دووەم: توانای بەرگری یان سەربازیەکانی قەتەر:**

لە ئەدەبیاتی ئاسایشی نەتەوەیدا، چەمکی سیاسەتی بەرگری پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی هەڵوێستی ستراتیجی حکومەت، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە هەنوکەیی و داهاتووەکان کە ڕوو بەڕووی ئاسایشی دەوڵەت دەبێتەوە لە ڕێگەی بەگەڕخستنی سەرچاوە سروشتی و مرۆیەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو لەناو کەرتی بەرگریدا.[٢٨] وەکاتێک باس لە لایەنی بەرگری دەوڵەت دەکەین، تەنها بابەتە سەربازیە کلاسیکیەکە ناگرێتەوە بەڵکو چەندەها ڕەهەندی سیاسی و

[27] Yüksel, E., Turkey's love-in with Qatar: A marriage of convenience. CRU Report, January 2021. available at: https://www.clingendael.org/sites/default/files/2021-03/drivers-of-turkish-qatari-relations.pdf

[28] Neill, Martin, et al. Defense Policy and Strategy. Institute for Defense Analyses, 2017, pp22. www.jstor.org/stable/resrep22899.4. Accessed 20 May 2021.

ئابووری لە خۆ دەگرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرم و زبری ئەو وولاتە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەرئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. قەتەریش وەک دەوڵەتێکی تر، هەوڵیداوە سیاسەتی بەرگری بەردەوام بەرەوپێش بەرێت بۆ فراوانکردنی ڕۆڵ و هەژموونی خۆی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی. بەڵام ئەوەی ئیمە لێرە دەمانەوێت بیخەینەڕوو، توانا بەرگریە سەربازیەکانی دەوڵەتی قەتەرە کە بەشێوەیەکی پراکتیکی هێزی بەو دەوڵەتە بەخشیوە، تا بتوانێت هەژموونی خۆی لەسەر ئاستی هەرێمی فراوان بکات.

قەتەریش وەک هەر دەوڵەتێکی تری خاوەن سەروەری سیاسەتی بەرگری تایبەت بەخۆی هەیە. کە مێژووی ئەو سیاسەتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١ دوای سەربەخۆبوونی قەتەر لە وولاتی بەریتانیا. ڕاستە قەتەر دەوڵەتێکی بچوکە، بەڵام ئەویش بەهەمان شێوەی دەوڵەتە بچوکەکانی تر گرنگیەکی تایبەتی بە دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی وولاتەکەی دا، چونکە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەوڵەتە بچوکەکان هەمیشە سەروەری خاک وئاسایشی نەتەوەییان بەبەردەوامی لە ژێر مەترسیدایە. بەتایبەتی کاتێک دەوڵەتە بچوکەکان لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگراویەوە، کەوتبێتنە نێوان دەوڵەتە گەورەکانەوە. قەتەریش یەکێکە لەو دەوڵەتە بچوکانەی کە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیای سیاسیەوە کەوتۆتە نێوان دوو دەوڵەتی هەرێمیەوە, کە کێشە و ململانێکانیان لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی وئاینی زۆر قوڵبۆتەوە، کە ئەوانیش ئێران وسعودیەن. ئەمە وایکردووە کە حکومەتی قەتەری بەشێوەیکی زیاتر گرنگی بە لایەنی ئاسایشی بەرگری بدات، بەتایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی لەگەڵ بەشێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە ساڵی ٢٠١٧دا. وە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای ئاسایشی بەرگری ئەو دەوڵەتە بکەین، دەبینین کە ئاسایشی بەرگریەکەی لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

1. بنەمای پاراستنی یەکێتی خاک و سنورەکان و پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیانی قەتەری.
2. بنەمای بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی سەربازی و هاوبەشی ستراتیجی وهاریکاری سەربازی.

ئەوەی لێرەدا شایەنی گرنگی پێدانە و پەیوەندیدارە بە توانا سەربازیەکانی دەوڵەتی قەتەرەوە، خاڵی دووەمی بنەماکانی ئاسیشی بەرگری قەتەرە. هەروەک دەبینین لەسەر دوو پایە قەتەر هەوڵیداوە ئاسایشی بەرگریەکەی بەرەوپێش بەرێت:

- هاوپەیمانێتی سەربازی و هاوبەشی ستراتیجی.
- هاریکاری سەربازی.

کە ئەم دوو پایەیە ڕاستە زۆر پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بەڵام لە ڕووی بەگەرخستنی ستراتیجیەتی ئاسایشی بەرگریەوە جیاوازن. کە ئێمەش هەوڵدەدەین بەشێوەکی کورت ئەو پایانە ڕوون بکەینەوە کە توانا وهێزی سەربازی قەتەر دەردەخەن.

سەبارەت بە هاوپەیمانێتی سەربازی و هاوبەشی ستراتیجی، قەتەر گرنگیەکی تایبەتی بەولایەنەداوە. وە لە دیارترین ئەو وولاتانەی لەو پلانە ستراتیجیە سەربازیە هاوکاری قەتەر بووە، وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە. سەرەتا قەتەر لە ڕێگەی ئەو پێگە سەربازیانەی کە دابینی

کردووە بۆ هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا، هەوڵیداوە کە پێگەی ئاسایشی سەربازی خۆشی بەهێزبکات. بەڵام قەتەر کە زانی سوودێکی باشی لەو پلانە وەرگرتووە، لە قۆناغی دووەمدا، پرۆژەی فراوانکردنی پێگە سەربازیەکانی ئەمریکای دا لەسەر خاکی وولاتەکەی لە ساڵی ٢٠١٨دا، کە ئەمەش پێشوازیەکی باشی لێکرا لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە[٢٩]. دوای ئەو بڕیارەش قەتەر توانی سوود لەو هێزە بکات کە بنکەی سەربازی ئاسمانی (عەدید- العديد) و بنکەی سەربازی سیلیە (السيلية) پێی بەخشیووە. ئەوەی شایەنی باسە بنکەی سەربازی عەدید بە گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمریکا دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان، کە تواناى لە خۆگرتنی مانۆرە سەربازیەکانی فڕۆکەی جۆری B-52)ی هەیە[٣٠]، کە لەوێوە سەرکردایەتی هێرشە سەربازیەکانی ئەمریکا دەکرا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق دوای هێرشەکانی ١١ی سێبتێمبەری ٢٠٠١. هەروەها بنکەی سەربازی سیلیە، بە گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمبارکردنی چەکی سەربازی ئەمریکیەکان دادەنرێت لە دەرەوەی ئەمریکا[٣١].

بەڵام قەتەر لە داوای ئەو قەیرانە سیاسیەی لە ساڵی ٢٠١٧ دا دووچاری بوو، هەوڵیدا هاوپەیمانی لەگەڵ هێزێکی هەرێمی بەهێزی تریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببستێت کە ئەویش دەوڵەتی تورکیابوو، کە لە ڕووی سەربازیەوە بە یەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکان دادەنرێت، کە لە هەمانکاتیشدا ئەندامی ڕێخراوی هاوپەیمانی ستراتیجی سەربازی ناتۆیە (NATO)، کە لەدەرئەنجامدا قەتەر سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی پشگیری ئەو دوو وولاتە بۆ پاراستنی ئاسایشی قەتەر[٣٢].

---

[29] The Ministry Of Foreign Affairs -The State of Qatar. The Qatar- US Strategic dialogue in 2018. (2018). Available at: https://www.mofa.gov.qa/en/all-mofa-news/details/2018/02/04/qatar-us-strategic-dialogue'-stresses-two-countries'-need-to-remain-close-allies

[٣٠] بنکەی سەربازی عەدید لە قەتەر کە ناسراوە بە فرۆکەخانەی ئەبو نخلە، لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن دەوڵەتی قەتەرەوە دروستکراوە، تێچووەکەی لەو کاتەدا یەک ملیار دۆلاربووە. ئەوەی شایەنی باسە ئەمریکا ئەو بنکە سەربازیەی لە ساڵی ٢٠٠١دا لە جەنگی دژبە تیرۆر لە ئەفغانستان بەشێوەیەکی نهێنی بەکارهێنا. وە لە دوای جەنگی ڕزگارکردنی عێراق و لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەمریکا بەشێکی زۆری هێزەسەبازیە ئاسمانی و زەمینیەکانی گواستەوە بۆ ئەو بنکەیە. بۆ زیاتر زیانیاری لەسەر ئەو بنکە سەربازیە، تکایە بگەڕێرەوە بۆ بەدواداچونێکی دیکۆمێنتاری کە لەلایەن کەناڵی بی بی سی بەریتانیەوە بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠١٧دا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: بي بي سي، العُديد :أكبر قاعدة جوية أمريكية في الخارج، (٢٠١٧). على الرابط: https://www.bbc.com/arabic/middleeast-40293795

[31] Salem, P. and de Zeeuw, H., 2012. Qatari foreign policy: The changing dynamics of an outsize role. Carnegie Middle East Center, 31.

[32] BaŞkan, Birol, and Özgür Pala. "Making Sense of Turkey's Reaction to the Qatar Crisis." The International Spectator 55, no. 2 (2020). PP. 18-20.

## بەشی دووەم:

## ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو: سروشتی و پێکهاتەی دامەزراوەیی

لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا، پێکهێنانی ئەنجومەنە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن وڵاتانەوە گرنگی پێدرا لەسەرانسەری جیهاندا. وڵاتانی عەرەبیش لە نێوان خۆیاندا بیریان لە دروستکردن و پێکهێنانی چەندین ئەنجوومەن و ڕێکخراوی هەرێمی کردەوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە سیاسی و ئابووری وئەمنیەکانیان، تابتوانن ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ ڕووبەڕووی ببنەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. لە گرنگترین ئەو ڕێکخراوانەی کە وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی بێت یان بە ژمارەیەک دەوڵەت دروستیان کردووە بریتین لە: کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی (جامعة الدول العربية)- ١٩٤٥، و ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (مجلس التعاون الخليجي) ١٩٨١(GCC) ، وئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی (مجلس التعاون العربي) ١٩٨٨ (ACC)، و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی (منظمة المؤتمر الإسلامي) ١٩٦٩ (OIC)[٣٣].

سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕێکخراو وئەنجومەنانەی ئاماژەمان پێدان تاڕادەیەک ڕۆڵیان گێڕاوە لە ڕووی سیاسی ئابووریەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتانی ئەندامیان، بەڵام کارو چالاکی و سیستەمی کارکردنی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بە بەراورد بەو ڕێکخراو و ئەنجومەنانە ئاماژەمان پێدان سەرکەتووتر بووە. بۆیە بە پێویستی دەزانین سەرەتا باسی سروشتی سەرەتای دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە بکەین پاشان باس لە پێکهاتە و سیستەمی دامەزراوەیی ئەو ئەنجوومەنە بخەینەڕوو.

### باسی یەکەم: سروشتی سەرەتای دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو

سەرەتا ئەگەر لە ڕووی جیۆپۆلیتیکیەوە هێزی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بخەینەڕوو، دەبینین کۆی ڕووبەری دەوڵەتانی پێکهێنەری ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (٢،٦٧٣) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ئەم ئەنجومەنە پێکهاتووە لە شەش ئەندام ، ئەوانیش (سعودیە و ئیمارات و بەحرەین، کوەیت، عومان، و قەتەرن)، گەورەترین دەوڵەتی ناو ئەنجومەنەکە سعودیەیە، کە بەتەنها (٢،٢٥) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە قەبارەی لە سەدا ٨٠،٤٪ ی سەرجەم ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو پێکدەهێنێت. ژمارەی دانیشتوانی سەرجەم وڵاتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە تا ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی ٦٠شەست ملیۆن کەس بووە، وە بەشی زۆری داهاتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو پشتدەبەستێت بە داهاتی نەوت و گازی سروشتی، کە نزیکەی لە سەدا ٧٣ی کۆی گشتی داهاتی ساڵانەی پێکدەهێنێت[٣٤]. بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای بریتیش پترۆلیۆم کە لە ساڵی (٢٠١٧) دا، بڵاوکراوەتەوە، وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو خاوەنی زۆرترین یەدەگی نەوتی خاون لە

[33] Marco Pinfar, . Regional Organizations in the Middle East." Oxford Handbooks. (2016). pp.1-6.

[34] Haddad A. Analysis of the bilateral trade between gulf cooperation council countries. Management Science Letters. 2019, 9(13). p.2357.

جیهاندا کە ڕێژەکەی بە (٤٩٥)ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت، کە ئەو بڕەش لە ٪٢٩ی نەوتی جیهانی پێکدەهێنێت و لەسەدا ٪٤١ کۆی نەوتی یەدەگی وولاتانی هەناردەکاری نەوت پێکدەهێنێت، هەروەها ئەو ئەنجومەنە لەسەدا ٢٢،٦٪ی یەدەگی گازی سروشتیش سەرجەم جیهان لە خۆدەگرێت[٣٥].

سەبارەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، پاڵنەری سەرەکی دروستبوونی ئەو ئەنجومەنە، بابەتی پاراستن و بەهێزکردنی ئاسایشی وولاتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بووە. چونکە کاتێک بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٨ بڕیاری پاشەکشێ دەدات لە ناوچەی کەنداو ، ئەو دەوڵەتانی کە سەربەخۆیی خۆیان لە بەریتانیا وەرگرتووە تا ساڵی ١٩٧١، بیر لە یەکتر نزیکبوونەوە و دروستکردنی سیستەمێکی بەرگری هاوبەش دەکەنەوە، کە لە ڕێگەیەوە بتوانن لە ڕووی سیاسی و ئابووریشەوە زیاتر بەهێز بن[٣٦]. وە سەرەڕای ئەوەی کە جەنگی سارد لە ئارادابوو، بەڵام پییان وابوو ئەو مەترسیانەی کە لە وولاتانی درواسێیانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەتایبەتی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩وە هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئێران وعێراق لە ساڵی ١٩٨٠، زۆر لەو مەترسیانە زیاترە کە لەلایەن هێزە نێودەوڵەتیەکانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ئایندەدا، هەربۆیەش توانیان لە ساڵی ١٩٨١دا بگەنە ئەنجام و ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دامەزرێنن وە دەوڵەتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنەش بریتیبوون لە ( قەتەر، سعودیە، بەحرەین، عومان، ئیمارات، کوێت).[٣٧]

کە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە وولاتانی ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە پێش ساڵی ١٩٨١، هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکیان لە نێواندا ڕووی نەداوە، بەپێچەوانەوە، چەندین ڕێکەوتنامەی سیاسی و ئابووری و تەنانەت پەروەردەیش لەنێوان بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بەشیوەیەکی تاک بێت یان دوو دوو پێشتر واژووکرابوو وە خرابووە بواری جێبەجێکردنەوە، کە دەتوانین بڵێین ئەو ڕێکەوتنامانە ببوونە سەرەتایەکی باش بۆ  دروستبوونی ئەنجومەنی هاری کاری کەنداو، لە گرنگترین ئەو ڕێکەوتنامانەش کە پێش دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو هەبوون بریتین لە[٣٨]:

1. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری نێوان عومان و کوێت لە ساڵی١٩٧٢.
2. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری و پەروەردەیی لە نێوان بەحرەین و کوێت لە ساڵی ١٩٧٣.
3. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری لە نێوان سعودیە و قەتەر لە ساڵی ١٩٧٣.

[35] Wogan D, Pradhan S, Albardi S. GCC energy system overview–2017. King Abdullah Petroleum Studies and Research Center: Riyadh, Saudi Arabia. (2017). P.16. & Bouoiyour, Jamal, and Refk Selmi. "The Qatar-Gulf Crisis and Risk Management in Oil and Gas Markets." (2019). P.3.

[36] Almotairy, Sami F. The Gulf Cooperation Council and the challenges of establishing an integrated capability for upholding security. Naval Postgraduate School Monterey CA Dep OF National Security Affairs, 2011. pp. 1-16.

[٣٧] قاسم، جمال، مشكلات الأمن في الخليج العربي منذ الانسحاب البريطاني إلى حرب الخليج الثانية، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، الطبعة الاولى، الامارات. ١٩٩٧. ص ١٣.

[٣٨] العجمي، ظافر، امن الخليج العربي: تطوره واشكاليته من منظور العلاقات الاقليمية والدولية. مركز دراسات الوحدة العربية. ٢٠٠٦. ص ص ٤٤٥-٤٤٧.

4. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری لە نێوان کوێت و سعودیە لە ساڵی ١٩٧٥.
5. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری لە نێوان بەحرەین و سعودیە لە ساڵی ١٩٧٥.
6. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری لە نێوان قەتەر و عومان لە ساڵی ١٩٧٦.
7. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری و ڕۆشنبیری لە نێوان قەتەر و کوێت لە ساڵی ١٩٧٨.
8. ڕێکەوتنامەی هاوکاری ئابووری لە نێوان ئیمارات و سعودیە لە ساڵی ١٩٧٨.

**باسی دووەم: پێکهاتەی دامەزراوەیی و ئامانجەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.**

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئابوری و سیاسی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی هەرێمایەتیدا، لەلاین وولاتانی کەنداوی عەرەبیەوە لەخۆوە نەبووە، بەڵکو چونکە وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی خاوەنی کۆمەڵێک بنەما و خەسڵەتی هاوبەشن کە وایکردووە ئەو ئەنجومەنەی کە پێکیشیان هێناوە بەهێزتر بێت لە ئەنجومەنەی کە وولاتانی تری عەرەبی بە گرووپ یان بە کۆمەڵ پێکیان هێناوە. وە لە گرنگترین لەو بنەماو خەسڵەتە هاوبەشانەی کە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا هەیە بریتین لە[39]:

1. -هەموویان دەکەونە یەک سنوری جوگرافیەوە، کە وایکردووە هاوبەشیشبن لەو ڕووی سنوورەکانیانەوە، کە ئەمەش ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەشتکردنی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا ئاسان کردووە.
2. پەیوەندیەکی ئاینی و زمانەوانی و مێژووی هاوبەشیان لە نێواندایە، کە وایکردووە وەک یەک کۆمەڵگەی تەواوکەری یەکتر و توندوتۆڵ دەربکەون.
3. لێک تێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و گشتی و دەرەوە سەبارەت بەکێشەکان.
4. ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بە سامانە سروشتیەکان دەوڵەمەندن بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی، کە ئەمەش وایکردووە کە سەقامگیریەکی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام دروست ببێت.

کە دەتوانین بڵێن ئەو خاڵانەی سەرەوە، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە خۆدەگرن کە بریتین لە (بوونی بەهای هاوبەشی کۆمەڵایەتی، هەمان شێواز و جۆری حکومڕانی سیاسی کە بەشی زۆریان میرنشینی پاشایەتین، لەگەڵ بوونی وابەستەیی لەسەر بنەمای خێڵ و خوێن).

**لقی یەکەم: پەیکەری دامەزراوەیی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو:**

سەبارەت بە پەیکەری دامەزراوەیی و ئامانجەکانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو، دەتوانین

---

[39] Alasfoor R. The Gulf Cooperation Council: its nature and achievements. Lund University; 2007. P.22.

بڵێن بەشێوەیەکی گشتی لەم دامەزراوانەی خوارەوە پێکهاتووە[40]:

**یەکەم: ئەنجومەنی باڵای ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوSupreme Council :** ئەم ئەنجومەنە باڵایە سەرکردەی شەش وولاتەکە لەخۆ دەگرێت، کە ساڵی جارێک کۆدەبنەوە بۆ دانانی پرنسیپە گشتیەکانی ئەنجومەنەکە و زۆر جاریش ئامانجی ئەنجومەنی باڵا بریتی دەبێت لە دانانی لیژنەی کاتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکان.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزاری یان (وەزیرانی) ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ( Ministerial Council):** کە پێکدێت لە وەزارەتی دەرەوەی وولاتانی ئەندام، کە هەر سێ مانگ جارێک کۆدەبنەوە، بۆ گفتوگۆکردنی بابەتە سیاسی و ئابووریەکان .. وە هەر ئەندامێکیش یەک دەنگی هەیە لەو ئەنجومەنە، وە بڕیارەکەنیش بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان دەردەچێت.

**سێیەم: سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (General Secretariat):** لیژنەیەکی بەردەوامە کە بنکەی سەرەکی لە ڕیازی پایتەختی سعودیەیە، کە بەرپرسیارێتی بریتیە لە سەرپەرشتی کردنو جێ بەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو. سکرتێری گشتی سەرپەرشتیاری ئەنجومەنەکە دەکات. سکرتێری گشتیش پشگیریدەکرێت لەلایەن دە ١٠ یاریدەدەر کە هەریەکەیان بەرپرسیارێتی جیاوازی هەیە، لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، سەربازی، تا دەگاتە ڕۆشنبیری.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە کە، دەسەڵاتەکان بەشیوازێک لە نێوان وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنەکە دابەشکراوە، کە هیچ وولاتێک دەسەڵاتی زیاتری لەسەر وولاتێکی تری ئەندام نیەو، لەوەش زیاتر هیچ وولاتێکی ئەندام ئامادەنیە، بەشێک لەسەروەری وولاتەکەی لەدەست بدات لە پێناوی بەهێزکردنی ئەوڕێکخراوە ئابوری و سیاسی و ئەمنیەی کە پێی دەڵێن ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو. کاتێک وولاتێکی ئەندام دەیەوێت باڵادەستی خۆی بەسەر ئەوانەی تردا بسەپێنێت، بەشێکی لە ئەندامانی تری ئەو ئەنجومەنە بەتەواوەتی ئەوە ڕەتدەکەنەوە. بۆ نموونە، کاتێک دەوڵەتێکی وەک سعودیەی عەرەبی دەیەوێت هێز و هەژموونی خۆی لە ڕووی جوگرافی سیاسیەوە پسەپێنێت، دەوڵەتێکی ئەندامی وەک قەتەر سەرەڕای ڕەتکردنەوەی، ئامادەشە بەتەواوەتی لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دوور بکەوێتەوە. کە ئەم کێشەیە و چەندین کێشەی تر لە باسی سێهەمدا دەخەینەڕوو، کە کاریگەری تەواوی کردۆتە سەر هێز و تواناکانی ئەو ئەنجومەنە لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە. بەڵام پێش ئەوەی باسی پێگە و ڕۆڵی قەتەر بکەین لەسەر ئاسایشی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، واباشترە ئەو ئامانجە بخەینە ڕوو کە ئەو ئەنجومەنەی لە پێناویدا دامەزراوە.

[40] Martini J, Wasser B, Kaye DD, Egel D, Ogletree C. The Outlook for Arab Gulf Cooperation. Rand Corporation; 2016. P.2.

**لقی دووەم: ئامانجەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو**

کە گرنگترینیان بریتین لە[٤١]:

لەسەر بنەمای ئەو پەیمانامەیەی کە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی لەسەر دامەزراوە، چوار ئامانجی سەرەکی دیاریکردووە کە ئەم ئەنجومەنە وەک دامەزراوەیەکی یەکگرتووە کاریان لەسەر بکات لە گرنگترینیان:

1- بەدەستهێنانی یەکگرتووی و یەکتری تەواوکاری لە نێوان هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە زووربەی بوارەکاندا تا دەگاتە ئاستی یەکبوون.

2- قوڵکردنەوە و ڕیکخستنی ئەو پەیوەندی وهاوکاریانەی لەنێوان گەلانی دەوڵەتانی ئەندامدا هەیە لە هەموو بوارە جۆر بەجۆرەکاندا.

3- بنیادنانی سیستەمێکی ڕیکخراو لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری وداراییی، کاروبارەکانی گومرگ و هاتووچۆ و پەیوەندیکردن، وبوارەکانی پەروەردە ورۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و، بوارەکانی ڕاگەیاندن و گەشتوگوزار، لەوەش زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی یاسادانان و کارگێری بەشیوەیەکی هاوبەش.

4- پاڵپشتیکردنی پێشکەوتنی زانستی و پراکتیکی لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ وسامانەسروشتیەکانی ئاو وماسیدا، هەروەها بنیادنانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی هاوبەش و بنیادنانی پرۆژەی وەبەرهێنانی هاوبەش و پشگیری کەرتی تایبەت بۆ جێبەجیکردنی ئەو پرۆژانە بە هاوبەشی.

باسکردنی سەرجەم ئەو بابەتانی سەرەوە بە مانای ئەوە نایەت کەلایەنی ئاسایش فەرامۆش کراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئامانجە ئەمنیەکان هەمیشە لە پلەی یەکەمی دامەزراندنی ئەو ئەمجومەنەبووە، چونکە وولاتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە یەک دروشمیان هەبوو کە بە بەردەوامی دەیان ووتەوە ئەویش بریتیبوو لەوەی کە ئاسایشی وولاتانی ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە دابەشناکرێت و لێکجیاناکرێتەوە، هەر بۆیەش ساڵێک دوای دامەزراندنی ئەنجومەنەکە لە ٢٢-٢٣مانگی دووی ١٩٨٢، کاتێک وەزیرانی ناوخۆی وولاتانی ئەندام کۆبوونەوە، ئامانجی سەرەکیان چۆنێتی پاراست و بەهێزکردنی ئاسایشی وولاتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنەبوو بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەرەکی[٤٢].

---

[41] Gcc, (undated (a), The Charter (1981). Derived From: https://www.gcc-sg.org/en us/AboutGCC/Pages/Primarylaw.aspx

[٤٢] الأمانة العامة لمجلس التعاون لدول الخليج العربية، (٢٠٢٠)، انطلاقة التعاون الأمني. في الموقع إلكتروني: https://www.gccsg.org/arsa/CooperationAndAchievements/Achievements/SecurityCooperation/Pages/main.aspx

## بەشی سێیەم:

## کاریگەری قەتەر لەسەر ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە دوای ساڵی ٢٠١٧

دەرکەوتنی ڕۆڵی قەتەر لەناو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا، بۆ دوو بابەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان، ئەو کێشە مێژوویيانەی کە قەتەر هەیبووە لەگەڵ بەشێک لە وولاتانی ئەندام سەبارەت بە بابەتەکانی ئاسایش و مامەڵە سیاسیەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەوەوە. دووەمیان، زیادبوونی توانا سیاسی و سەربازیەکانی قەتەر کە هێزێکی وای پێ بەخشیووە، تابتوانێت لەسەر ئاستی هەرێمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش بە شێوەیەکی جیاوازتر لە وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو مامەڵە بکات. بەواتایەکی تری، ئەوەی ڕۆڵی دەوڵەتێکی بچوکی وەک قەتەری دەرخستووە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بەشێکی بۆ بوونی ئەو کێشە و ناکۆکیانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان قەتەر و بەشێک لە وولاکاتانی ئەندامدا هەن بەتايبەتی سعودیە و ئیمارات، وە بەشەکەی تری پەیوەندیدارە بەستراتیجیەتی دەوڵەتی قەتەرەوە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆی لەسەر ئاستی دەرەوە، بە بەکارهێنانی ئەو توانا سروشتی و مرۆییانەی کە لەبەردەستیدایە. بۆیە لێرەدا دەتوانین ڕۆڵی قەتەر لەسەر ئاسایشی وولاتانی کەنداو بە دوو ئاراستەی نەرێنی (وەک مەترسیەک بۆ سەر ئاسایشی وولآتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو)، وە ئەرێنی (وەک پشگیری بۆ وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو) لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

### باسی یەکەم: قەتەر وەک مەترسیەک بۆسەر ئاسایشی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو

بابەتی ووێناکردنی دەوڵەتی قەتەر وەک خاڵیکی نەرێنی و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وولاتانی کەنداو، لەوە وە سەرچاوەی گرتووە کە قەتەر کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ بەشێک لە وولاتانی ئەو ئەنجوومەنە بۆ دروست بووە کە ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، ئەوە ئەگەری هەیە ململانێکان لە ئاستی ئابووری و دبلۆماسیەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستی پێکدادانی سەربازی.

سەبارەت بە کێشەکانی نێوان وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، دەتوانین بڵێین ئەو کێشانە تازەنین، بەڵکو بەشێک لەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەربەخۆبوونی ئەو دەوڵەتانە، وە کێشەکانیش بەیوەندیدارن بەچەندین بابەتی جیاوازەوە، لەوانەش بوونی ناکۆکی لەسەر چۆنێتی یەکلاییکردنەوەی سنورەکان، هەروەها بوونی ناکۆکی لەسەر چونێتی بەڕێوەبردنی کانگاکانی نەوت و گازی سروشتی کە دەکەوێتە سنووری وولاتانی ئەنجومەنەکەوە، لەگەڵ چۆنێتی بەڕێوەبردنی سیستەمی بەرگری و ئاسایشی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، کە دەتوانین بڵێین ئەو کێشانەش تەنها پەیوەندیدار نەبوون بە قەتەر بەڵکو سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنەکە هەمان ئەو کێشانە دەیگرتنەوە بەڵام بەشێوازی جیاواز.[٤٣] بەڵام ئەوەی پەیوەندیدارە بە کێشەکانی قەتەر کە لە ساڵی ٢٠١٧دا، گەیشتە بنبەست و بووە هۆی دروستبوونی قەترانێکی سیاسی و ئابووری بەتايبەتی

[٤٣] عدنان، المياحي، دبلوماسية مجلس التعاون الخليجي، تجاه الربيع العربي، منشورات زين الحقوقي، بيروت.، (٢٠١٩)، ص ص٥٨-٦٣.

لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی سعودیە و ئیمارات، بریتین لە کۆمەڵێک کێشەی هەستیار کە قەتەر توانی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت و لە ڕێگەی ئەو بابەت و کێشانەوە ڕۆڵی خۆی بەهێزتر بکات لەسەر ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، گرنگترین ئەو بابەت و کێشانەش بریتین لە:

**یەکەم: بەرگریکردن لە سەروەری و ڕەتکردنەوەی هەژموون و سیاسەتەکانی دەوڵەتی سعودیەی عەرەبی**

یەکێک لەو بابەتانەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام دەبووە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی لە نێوان سعودیە و بەشێک لە وولاتانی ئەنجامەنی هاریکاری کەنداو بابەتی هەوڵدانی دەوڵەتی سعودیە دەگەڕێتەوە بۆ زیادکردنی باڵادەستی خۆی بەسەر ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە. بە بەردەوامی سعودیە بابەتی هێزی فراوانی جوگرافی و زۆری ژمارەی دانیشتوانی کردووە بە بیانوویەک بۆ زیادکردنی هەژموونی خۆی بەسەر وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا، تابتوانێت زیاتر بیروبۆچوونەکانی خۆی لە ناو سیاسەتی گشتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بسەپێنێت لە ڕیگەی گۆڕینی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بۆ ئەنجومەنێکی تەواو سیاسی و ئەمنی[٤٤]، هەر ئەمەش وایکرد کە قەتەر بەو باڵا دەستیە ڕازی نەبێت، وسازش نەکات لە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چونکە پێی وابوو ئەوە پەیوەندیدارە بە ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانەوە، و قەتەریش ڕاو بۆچونی جیاوازی هەبوو لەسەر بابەتە دەرەکیەکان. ئەم هەڵوێستەی قەتەریش لەو کاتەوە سەریهەڵدا، دوای ئەوەی کە بۆی دەرکەوت کە ئێرانی دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩وە، هێز و هەژموونی خۆی ڕۆژ بەڕۆژ فراونتردەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەوڵەتی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠دا لەلایەن عێراقەوە داگیرکراو، دەوڵەتی سعودیەش هیچ توانایەکی بەهێزی بۆ ڕوو بەڕووبوونەوە پیشان نەدا، بە بێ پشگیری وولاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، بۆیە قەتەر بە هەموو شێوازێک ئەوەی ڕەتکردەوە کە سعودیە بەتەواوەتی هەژموونی خۆی بەسەر وولاتانی کەنداودا بسەپێنێت[٤٥]. چونکە بۆی دەرکەوت کە مادەم سعودیە نەیتوانی ئاسایشی وولاتی کوێت لە مەترسیەکانی دەوڵەتی عێراق بپارێزێت، بەهەمان شێوە ناتوانێت قەتەر لە مەترسیە دەرەکیەکان بپارێزێت.

**دووەم: پشگیریکردنی ڕێکخراوی برایانی موسوڵمان (جماعة الإخوان المسلمين)**

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە لەیەک کاتدا بوونە هۆکاری قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان، هەروەها دەرخستنی کاریگەری هێزی قەتەر لەسەر ئاسایشی وولاتانی کەنداوی عەرەبی، بریتیبوو لە پشگیریکردنی قەتەر لە ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین بەتایبەتی لە دوای شۆڕشەکانی بەهاری

[44] Wright S. Foreign policy in the GCC states. International politics of the Persian Gulf. 2011, p,73.

[45] Fouad, A. Foreign Policy in a Troubled Region: Investing in Soft Power, Research gate, 2021, p. 516. &; KarataŞ, İ. The role of soft power in Qatar's foreign policy. Google Scholar, (2020), p. 205.

عەرەبییەوە. هەروەها قەتەر بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەندامان و سەرکردەکانی ئەو گرووپە ئیسلامیەی لە وولاتەکەی خۆی دەپاراست بەتایبەتر دوای گۆشەگیرکردنی سەرۆکی پێشووی میسر (محمد مورسی)، کە ئەمەش بەلای سعودیە و ئیماراتەوە جێگای قبووڵ کردن نەبوو، چونکە بەلای ئەو دوو وولاتەوە ئەو ڕێکخراوە، ڕێکخراوێکی تیرۆرستیە. هەر بۆیە دەوڵەتی سعودیە بەیانامەیەکی دژی قەتەر لە ساڵی ٢٠١٧، بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەدابوو کە "قەتەر پشگیری کۆمەڵێک گرووپی تودرەوەدەکات لە نێوياندا ئیخوان، کە بوونەتە هۆکاری دروستکردنی نائارامی سیاسی و ئەمنی لەناوچەکەدا" بەڵام دەوڵەتی قەتەر ئەوەی بەتەواوەتی ڕەتکردەوە پێی وابوو ئەو پاساوانەی کە سعودیە بەکاری دەهێنێ لە دژیی جێگەی بڕواپێکردن نیە"[٤٦]. بەڵام ئەگەر هەرچۆنێک لیکدانەوە بۆ ئەو کێشەیە بکەین، دەبینین کە قەتەر توانیوێتی ئەو ڕێکخراوە وەک کەرەستەیەک بەکاربهێنیت لە بەرژەوەندی خۆی لە ڕێگەی ئاراستەکردن وپشگیریکردنیان بۆفراوانکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، لەم ڕیگەیەشەوە توانی نامەیەک بۆ دەوڵەتی سعودیە بنێرێت کە ئەویش هەرچەندە دەوڵەتێکی بچوک بێت، بەڵام دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئاسایشی وولآتانی کەنداو و هاوبەشە ستراتیجیەکانیان.

**سێهەم: بوونی ستراتیجیەت و هەڵوێستی جیاواز لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی**

یەکێکی تر لەو بابەت و کێشانەی کە لە نێوان قەتەر و بەشێک لە وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا هەیە، بریتیە لەوەی کە قەتەر زۆر جیاوازتر دەربارەی کێشە وپەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بیردەکاتەوە و مامەڵە دەکات. بۆنموونە، یەکێک لەو بابەتانەی کە بۆتە هۆکاری دروستکردنی قەیران، هەڵوێستی قەتەرە بەرامبەر بە ئێران، چونکە هەریەکە لە ئێران و دەوڵەتی ئیمارات وبەحرەین، بەهاوکاری میسر لە ساڵی ٢٠١٧دا، بڕیارياندا کە پەیوەندیە دبلۆماسی وئابووریەکان لەگەڵ قەتەر بپچڕێنن تا کارگەیشتە ئەوەی کە ڕێگای ووشکانیش بەسەر وولاتی قەتەردا داخرا لەلایەن بەشێک لە وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوەوە، یەکێک لە بیانووەکان ئەوەبوو کە زیاد لە پێویست لە ئێران نزیکبۆتەوە و کە ئەمەش مەترسی دروستکردووە بۆ سەر ئاسایشی وولاتانی کەنداو بەتایبەتی و ئاسایشی وولاتانی عەرەبی بەگشتی. هەر پاش ئەو بڕیارە، کۆمەلەی بازرگانی ئێرانی جوڵەکانی بۆ هاوکاری دەوڵەتی قەتەر دەستپێکرد، و کۆمەڵەی هەناردەکاری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە تاران، ڕایگەیاند، کە ئامادەیە لە ماوەی دە کاتژمێردا، بەشی زۆری پێداویستیە خۆراکیەکان بۆ قەتەر فەراهەم بکات[٤٧].

بێگومان بوونی هەڵوێستی جیاواز لە نێوان وولاتانی ئەنجامی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداودا، دەربارەی کێشەو مململانێکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆرن، بەڵام ئەوەی پەیوەندیدارە بە دوای

[46] Miller R, Verhoeven H. Overcoming smallness: Qatar, the United Arab Emirates and strategic realignment in the Gulf. International Politics. 2020 Feb; 57(1):1-20.

[٤٧]فرانس٢٤، قطر مستعدة للتوسط من أجل إقامة حوار بين دول الخليج وإيران. ٢٠٢١. ب .ص. متوفر على موقع الرسمي في: https://www.france24.com/ar/%D8%A7%D9%86

ساڵی ٢٠١٧وە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە قەتەر بەهەموو شێوەیەک کەوتۆتە ژێر هەژمونی وولآتی ئێرانەوە، بە پێچەوانەوە لە کێشە وئاڵۆزیەکانی پەیوەندیدار بە سوریاوە قەتەر بەشێوەیەکی جیاواز دوور لە ئێران مامەڵەی دەکرد. بۆ نموونە لە شۆڕشەکانی بە هاری عەرەبیدا، قەتەر بڕیاریدا سندقێکی هاوکاری بە بەهای (١٠٠) ملیۆن دۆلار دروست بکات، بۆ هاوکاریکردنی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بە حکومەتەکەی بەشار ئەسەد لە سوریا[٤٨]. کە ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵی سەبارەک بە جێ بەجێکردنی سیاسەتەکانی ئێران لە وولاتانی عەرەبیدا هەڵەیە.

**چوارەم: دەزگای میدیای ئەلجەزیرە، هەرەشە ومەترسی.**

میدیا، کەرەستەیەکی سیاسی بەهێزە لە ناو سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیدا، کە دەتوانرت بەکار بهێنرێت بەو شێوازێک کە لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەت یان هەرگروپە بێت کە سەرپەرشتیاری دەکات. دەزگا میدیاییەکانی قەتەریش بەتایبەتی ئەلجەزیرە وەک بەشێک لە هێزی نەرمی قەتەر، حکومەتی قەتەر توانی بەکاری بهێنێت بۆ فشار خستنەسەر وولاتە نەیارەکانی قەتەر لە ڕێگەی جوڵاندنی هێزی جەماوەر لەناوخۆی وولاتاندا، بەتایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی وولاتانی عەرەبیەوە. بۆ نموونە، بەشێک لە وولاتانی کەنداوی عەرەبی و وولاتانی عەرەبیش هەستان بە قەدەغەکردن و ڕاگرتنی پەخشی ئەو دەزگا میدیاییە لە ناوخۆی وولاتەکانیاندا چونکە پیان وابوو ئەو دەزگا میدیاییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشگیری لە ڕێکخراوی ئیخوان مسلمین دەکات لە میسر، وە مەترسیشە بۆ سەر سیسەتەمە سیاسیەکانیان، هەربۆیەش هەر یەکە لە وولاتەکان ی سعودیە و ئیمارات و بەحرەین و  میسر هەستان بەڕێگرتن لە بڵاوکراوە بینراو بیسراوەکانی سەرجەم دەزگا میدیایەکانی قەتەر بەتایبەتی ئەلجەزیرە بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە[٤٩].

لەوەش زیاتر، بەشێک لە پسپۆرانی سیاسی پێیان وابوو کە کەناڵی ئەلجەزیرە، سەربەخۆیی لەدەستداوە و لە ئێتیکی میدیایی لایداوە بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی سیاسی لە قەتەر، بەتایبەتی لە نمایشکردن و پیشاندانی شەڕ و ململانێکانی ناو وولآتی یەمەن بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ناوخۆیی هاوڵاتیانی یەمەنی دژ بەحکومەتەکەی (علی عبدلله سالح) لە ساڵی ٢٠١١دا، وە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن جێگیرەکەیەوە (عبد ربه منصور هادي.) لە ساڵی ٢٠١٢دا، وە لەو کاتەوە بارودۆخی سیاسی بەرەو نائارامتر چوو، تا لە ساڵی ٢٠١٤ گرووپی چەکداری حوسیەکانیش بوون بە بەشێکی بەهێزی ئەو ململانێیە. ئەوەی شایەنی باسە، لەو کاتەدا بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٥دا، هاوپەیمانێتیەکی عەرەبی بەسەرکردایەتی سعودیە و هەشت دەوڵەتی عەرەبی کە بەشی زۆریان دەوڵەتی عەرەبی سوونەبوون پێکهێنرا ، بە پشگیری هەریەکە لە وولاتانی ئەمریکا و بەریتانیە

[48] Ibid, Fouad, A. 2021.p. 518.

[49] Alalawi, N. How Media Covered "Arab Spring" Movement: Comparison Between the American Fox News and the Middle Eastern Al Jazeera. *Cross-cultural communication*, *11*(10), (2015). Pp. 46-47.

و فەرەنسا، بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ یەمەن[50]. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە، لە کاتەدا کەناڵی ئەلجەزیرە بە هەموو شێوەیەک بێلایەنی خۆی لە دەست دابوو، لەلایەک وێنە و ژمارەی قوربانیەکانی بەتەواوەتی باس نەدەکردەوە، لەلایەکی تریش تا قەتەر لە هاوپەیمانیەکەدابوو، بەشێوەیەکی بەرچاو پشگیری ئەو جەنگەی دەکرد، بەڵام کاتێک کە قەتەر لە ساڵی ٢٠١٧دا، لە هاوپەیمانیە سەربازیەکەی سعودیە کشایەوە، کەناڵی ئەلجەزیرە بە شێوەیک دژایەتی ئەو شەڕەی دەکرد کە وێنە و لێکدانەوەکانی بەشیوەکی زۆر جیاوازتر بڵاو دەکردەوە[51].

## باسی دووەم: قەتەر وەک پاڵپشتیەک بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو

کاریگەری قەتەر لەسەر ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو تەنها لەو مەترسی و ئاڵۆزیانە سەرچاوەی نەگرتووە، کە قەتەر لە ڕێگەی بوونی چەند ناکۆکیەکەوە جۆرێک لە مەترسی خستبووە سەر بەشێک لە وولاتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە، هەروەک لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێدا. بەڵکو کاریگەری قەتەر بە ڕووە ئەرێنیەکەشی لەسەر ئاسیشی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ڕوون و بەرچاوە.

لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە قەتەر بەشێوەیەکی ئەرێنی توانیوێتی هێز بە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ببەخشێت، بریتیە لە بەکارهێنانی هێزی نەرم لەسەر ئاستی دبلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەرێمیەکان لەلایەک و کێشەکانی تایبەت بە وولاتانی عەرەبی و عەرەب ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە. قەتەر وەک ئەکتەرێکی دەوڵەتی بەهێز لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی بنیادنانی پەیوەندی هەمەلایەنە وبەکارهێنانی ستراتیجیەتی نێوەندگیری و پشتگیری دارایی لایەنە ناکۆکەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وولاتانی عەرەبی توانیویەتی لەلایەک پێگەی خۆی بەهێزبکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەلایەکی تریش تاڕادەیەک ئاسایشی و ئارامی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بپارێزێت.

لە ڕێگەی دروستکدنی پەیوەندی بەهێز لەگەل هێزێکی نێودەوڵەتی وەک ئەمریکا و ڕێگەخۆشکردن بۆ بنیادنانی پێگەی سەربازی گەورە و بەهێز لەناو وولاتەکەیدا، تەنها کاریگەری نەبووە لەسەر پاراستنی ئاسایشی قەتەر بەتەنها بەڵکو کاریگەریشی هەبووە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر پاراستنی ئاسایشی سەرجەم وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.

سەبارەت بە توانای نێوەندگیری قەتەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دەوڵەتان بەتایبەتی وولاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژویەکی دورو درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠١٧. قەتەر لە ڕێگەی بە کارهێنانی دبلۆماسیەتی نێوەندگیری، توانی بەشێک لە کێشەو ململانێکان

[50] Gasim, G. The Qatari crisis and Al Jazeera's coverage of the war in Yemen. Arab Media & Society, 25, (2018). P.2.

[51] Ibid. p.3.

خاوبکاتەوە و تاڕادەیەک چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە لەوانە[٥٢]:

1. بەکارهێنانی دبلۆماسیەتی نێوەندگیری لەلایەن قەتەرەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی یەمەن و گروپی حوسیەکان لەساڵی ٢٠٠٨دا، و ڕازیکردنی گروپی حوسیەکان بە ڕێکەوتنامەی دەوحە.
2. بەکارهێنانی هێزی نێوەندگیری قەتەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مەلەفی (هەرێمی دارفۆر) لە سۆدان، کە لەساڵی ٢٠٠٨ وە هەوڵەکانی وەزیری دەرەوەی قەتەری (أحمد بن عبدلله محمود) دەستی پێکرد و، پاش هەوڵ و پەیوەندیەکای زۆر لەگەڵ لایەنە سودانیەکان توانرا لە ساڵی ٢٠١١ ڕێکەوتنامەی دەوحە بۆ ئاشتی هەرێمی دارفۆر واژووبکرێت لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا.
3. بەکارهێنانی توانا دبلۆماسیەکانی قەتەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لایەنە فەلەستینیەکان بەتایەبتی هەردوو لایەنی حەماس و جوڵانەوەی فەتح. هەرچەندە دەرەنجامێکی ئەو تۆی نەبوو بەڵام ڕۆڵی قەتەر لە کێشەکانی نێوان لایەنە فەلەستینیەکان لەلایەک و کێشەی عەرەب ئیسرائل لەلایەکی تر زۆر ڕوون و کاریگەربووە.
4. بەکارهێنانی دبلۆماسیەتی دەستێوەردان لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی بەتایبەتی لە کێشە وسەرهەڵدانەکانی ناو لیبیا دژ بەحکومەتەکەی (معمەر قەزافی) لە ساڵی ٢٠١١دا. کە دوی ئەو ڕووداوە قەتەر هەوڵیدا ڕۆڵی خۆی لە ئەکتەرێکی نێوەندگیرەوە بگۆڕێت بۆ دەستێوەردەر، و خۆی بکات بە خاوەنی بەها مرۆڤایەتیەکان و دژی هەر سەرکوتکردنێکی دکتاتۆریانە بوەستێتەوە.
5. بەکارهێنانی دبلۆماسیەتی نێوەندگیری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی و داواکاریەکانی جوڵانەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان. لەساڵی ٢٠١١وە دەوحەی پایتەختی قەتەر بووە نێوەندی سەرەکی گفتوگۆ و دانووستاندنەکانی نێوان ئەمریکا و بزوتنەوەی چەکداری تاڵیبان، تا لە مانگی دووی ٢٠٢٠دا، گەیشنە ڕێکەوتنامەیەک لە نێوان هەردوولادا. کە لە گرنگترین خاڵەکانی ناو ئەو ڕێکەوتنامەیە بریتیبوون لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان لەماوەی ١٤چواردە مانگدا، بەرامبەر بەوەی کە بزوتنەوەی جووڵانەوەی چەکداری تالیبان هەموو پەیوەندیەکانی لەگەڵ گرووپە تیرۆرستیەکان بپچڕێنێت بەتایبەتی گروپی تیرۆرستی ئەلقاعدە.

سەبارەت بەو نێوەندگیریەی نێوان ئەمریکا و جووڵانەوەی چەکداری تاڵیبان، دەتوانین بڵێن قەتەر سەرکەوتنێکی تەواوی بەدەستهێنا، چونکە لە مانگی ٨ی تا نیوەی ٩ی ٢٠٢١، ئەمریکا سەرجەم هێزە سەربازی و تەنانەت دبلۆماسیەکانی خۆی لە ئەفغانستان کشاندەوە بزوتنەوەی چەکداری تاڵیبانیش بەشی هەرەزۆری ئەفغانستانی کۆنترۆڵکرد.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێن کە سەرجەم ئەو توانا دبلۆماسیانەی کە قەتەر بەکاری هێناوە، بەشێکی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدابووە، بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام بەشێوەکیش کاریگەری هەبووە لەسەر نیشاندانی هێزی قەتەر بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر

[52] Ibid. Fouad. , p. 520.

ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو. هەربۆیەش دەبینین کاتێک کۆبوونەوەی١٤ی لوتکەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەبەسترێت لە ١/٥/ ٢٠٢١دا، لە شاری علا لە سعودیە، کە ناسراوە بە کۆبوونەوەی لوتکەی (علا)، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەوڵەتی قەتەر و سعودیە، ئیمارات و بەحرەین، بە ئامادەبوونی هەریەکە لە نوێنەری میسر و ئەمریکا، ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی، لەو کاتەوە قەتەر ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنەوەی ئاسایش و ئارامی ناوچەی کەنداوی عەرەبی، بەتایبەتی پاراستنی ئاسایشی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە ڕێگەی نێوەندگیری کردن لە نێوان دەوڵەتی سعودیە و ئێراندا. کە ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەشی زۆری وولاتانی ئەنجومەنەکە بەتایبەتی سعودیە، ڕازیە لەو ڕۆڵەی کە قەتەر دەیگێڕێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو. هەر بۆیەش چەند ئەندامێکی ناو ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو زیاتر هەوڵدەدەن ڕۆڵی بێ لایەنی و هاوکار ببینن لە نێوان کێشەکاندا، بەتایبەتی وولاتانی کوەیت و عومان، هەمیشە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەیانداوە بۆ پاراستی ئاشتی و ئارامی لە نێوان سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.

## دەرەنجام

پاش لێکۆڵینەوە لە لایەنە دیارەکانی کاریگەری قەتەر لەسەر ئاسایش وڵاتانی کەنداو، توێژینەوە گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١. لە سیستەمی نوێی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا، هەڵسەنگاندنی توانا و هێزە دەوڵەتیەکان زۆر پەیوەندیدار نیە بە قەبارە و ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە. بە واتایەکی تر، کاریگەری هێزی دەوڵەت لەسەر ئاسایش و ئارامی هەرێمی و نێودەوڵەتی پشت نابەستێت بە ئەوەی کە دەوڵەتەکە گەورەیە یان بچوک، بەڵکو دەکرێت دەوڵەتەکە بچوک بێت و، کاریگەریەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر ئاسایشی وڵاتانی دروسێ لەلایەک و سیستەمی ئاسایشی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی.

٢. قەتەر هەر لەسەرەتای سەربەخۆبوونیەوە لەساڵی ١٩٧١، سەرەڕای ئەوەی بیری لە پاراستنی ئاسایشی خۆی کردەوە لە ڕێگەی نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەبی کەنداو، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەشداریکردن لە پێکهێنانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، لە هەمانکاتدا، بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تاک لایەنانە بیری لە داڕشتنی پلانێکی ئاسایشی تایبەت بەخۆی کرد، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەهێزکردنی لایەنەکانی هێزی ئابووری و سیاسی وسەربازیەکانیەوە. کە دەتوانین بڵێن سەرکەوتنی قەتەر وەک دەوڵەتێکی بچوک بۆ بەهێزکردنی سیاسەتی ئابووری و سیاسی و پاراستنی ئاسایشی خۆی، زیاتر بۆ چۆنێتی بەگەڕخستنی ئەو سامە سروشتەی زۆرە دەگەڕێتەوە کە کەوتۆتە ناو وڵاتەکەیەوە، لە پاڵ هەڵکەوتەی جوگرافی قەتەر.

٣. ئەوەی پەیوەندیدارە بە کێشە و ململانێکانی قەتەر لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەتایبەتی (سعودیە، بەحرەین، ئیمارات)، هەرچەندە بەشێک لەو کێشانە بۆ پێش ساڵی ٢٠١٧، دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧دا، ئاستی ململانێ و کێشەکانی نێوان قەتەر و بەشێک لە وڵاتانی کەنداو گەیشتە ئاستێکی یەکلایی کردنەوە، کە بووە هۆکاری پچرانی پەیوەندیە ئابووری و دبلۆماسیەکان لە نێوان هەردوولادا.

٤. لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە پەیوەندیداربوون بە ئاڵۆزکردنی پەیوەندیەکانی قەتەر لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بریتیبوون لە (ئاستی پەیوەندی نێوان قەتەر و ئێران، پشگیریکردنی کۆمەڵی برایانی موسوڵمان (جماعة الإخوان المسلمين) بەتایبەتی لە میسر، پشگیریکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، هەروەها بەکارهێنانی هێزی میدیای ئەلجەزیرە لە بەرژەوەندی خۆی و دژی بەشێک لە وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات).

٥. ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە کاریگەری قەتەر لەسەر ئاسایشی ناوەچەکەو بەتایبەتی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراتیجیەتە ئاسایشیەی کە لە ناوخۆی وڵاتەکەی داڕشتبوو. بەتایبەتی لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١وە. لە گرنگترین ئەو ستراتیجیەتانەش بریتیبوون لە بەکارهێنانی دبلۆماسیەتی نێوەندگیری و هاوکاری دارایی، تا پێش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، لە پاش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ستراتیجیەتی

دەستێوەردانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. کە لێرەوە کێشەکانی پەیوەندیدار بە قەتەر و سعودیە و ئیمارات زیاتر فراوان بوون. بەتایبەتی دوای نزیکبوونەوەی لە ئێران و زیادکردنی هاوکاریە داراییەکانی بۆ تورکیا، و پشگیریکەدنی گروپی ئیخوان موسلیمین، و فشارخستنە سەر بەشێک لە وڵاتان لە ڕێگەی هێزی نەرمی کەناڵی ئەلجەزیرەوە.

٦. قەتەر توانی تا ڕادەیەک سەرکەوتووبێت لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا. بۆنموونە، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و تورکیادا پەیوەندیەکی باشی دروستکردووە، لە هەمانکاتدا هەر لەسەرەتای سەربەخۆبوونیەوە هەوڵیداوە، لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتیەکانیش پەیوەندی ستراتیجی ئابووری و سەربازی بنیادبنێت بەتایبەتی بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئاسایشی خۆی، بەتایبەتی بنیادنانی پەیوەندیەکی تۆکمەی سەربازی ئاسایشی هەیە لەگەڵ ئەمریکادا، کە توانیوێتی بەشێوەیەک لە شێوەکان ببێتە پاڵپشتی بۆ پاراستنی قەتەر لە هێزە هەرێمیەکان، بەتایبەتی لە دوای بنیادنانی (بنکەی سەربازی عدید) لە ساڵی ١٩٩٦دا، کە بەگەورەترین بنکەی سەربازی و ئاسمانی ئەمریکیەکان دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٧. لە کۆتایدا دەتوانین بڵێن کە قەتەر تا ئێستا توانیویەتی کە ڕۆڵ وکاریگەری خۆی بەدەربخات لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەی لوتکەی (علا) لە ٢٠٢١/١/٥دا. وە ئەوەشی سەلماند کە سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتێکی بچوکە لەناو ئەنجومەنەکەدا، بەڵام بەهەموو شێوەیەک هێزو هەژموونی وڵاتانی وەک سعودیە و ئیمارات ڕەتدەکاتەوە، چونکە لە ئێستادا بۆتە ئەکتەرێکی هەرێمی کە لە توانایدایە بەشداربێت لە چارەسەرکردنی کێشە هەرێمیەکان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارە بە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێویاندا لە خۆگرتنی کۆمەڵێک دانووستاندنی ئاڵۆزی وەک دانوستاندنی نێوان ئەمریکا و بزوتنەوەی چەکداری تالیبان، کە تارادەیەکی زۆر توانرا ئەو ڕێکەوتنامەیەی لە ساڵی ٢٠٢٠، واژووکرا لە نێوان هەردوولادا، لە ساڵی ٢٠٢١بکەوێتە بواری جێ بەجێکردنەوە.

# لیستی سەرچاوەکان:

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

**Books & Academic Articles**

**Books:**

1) Marco, Pinfar, Regional Organizations in the Middle East." Oxford Handbooks. (2016).
2) Wright S. Foreign policy in the GCC states. International politics of the Persian Gulf. 2011.

**Academic Articles:**

3) Alalawi, N. How Media Covered “Arab Spring” Movement: Comparison Between the American Fox News and the Middle Eastern Al Jazeera. *Cross-cultural communication*, *11*(10), (2015).
4) Alasfoor, R. The Gulf Cooperation Council: its nature and achievements. Lund University; 2007.
5) BaŞkan, Birol, and Özgür Pala. "Making Sense of Turkey’s Reaction to the Qatar Crisis." The International Spectator 55, no. 2 (2020).
6) Bohra, Moiz Abid. "Optimising Qatar’s energy transition through model-based analysis." (2020). Available at: https://www.nsenergybusiness.com/features/qatar-global-lng-exports-top-5/
7) Cooper, Andrew F., and Bessma Momani. "Qatar and expanded contours of small state diplomacy." The International Spectator 46.3 (2011).
8) Fouad, A. Foreign Policy in a Troubled Region: Investing in Soft Power, Research gate, 2021, p. 516. And, KarataŞ, İ. The role of soft power in Qatar's foreign policy. Google Scholar, (2020).
9) Gasim, G. The Qatari crisis and Al Jazeera’s coverage of the war in Yemen. Arab Media & Society, 25, (2018).
10) Haddad A. Analysis of the bilateral trade between gulf cooperation council countries. Management Science Letters. 2019, 9(13).
11) Kabalan, Marwan. "Actors, Structures and Qatari Foreign Policy. Al Muntaqa2, no. 2 (2019).
12) Klaus, Schwab, the Global Competitiveness Report 2019, World Economic Forum. 2019. Available at:

http://www3.weforum.org/docs/WEF_TheGlobalCompetitivenessReport2019.pdf

13) Papish, Gregory, and M. Monshipouri. "Saudi Arabia vs. Qatar: The Battle for Regional Hegemony The rise of Al-Jazeera's influence." (2020).
14) Martini J, Wasser B, Kaye DD, Egel D, Ogletree C. The Outlook for Arab Gulf Cooperation. Rand Corporation; 2016.
15) Miller R, Verhoeven H. Overcoming smallness: Qatar, the United Arab Emirates and strategic realignment in the Gulf. International Politics. 2020 Feb;57(1).
16) Neill, Martin, et al. Defense Policy and Strategy. Institute for Defense Analyses, 2017.
17) Salem, P. and de Zeeuw, H., Qatari foreign policy: The changing dynamics of an outsize role. Carnegie Middle East Center.2012.
18) Shankar Besta, Qatar leads global LNG exports but who else make the top 5? NS Energy, 2019, nd. Available at:
https://www.nsenergybusiness.com/features/qatar-global-lng-exports-top-5/
19) Ulrichsen, Kristian Coates. "Why is Qatar Leaving OPEC." *New York Times* (2018). Available at:
https://www.ceicdata.com/en/indicator/qatar/crude-oil-exports
20) Wogan D, Pradhan S, Albardi S. GCC energy system overview–2017. King Abdullah Petroleum Studies and Research Center: Riyadh, Saudi Arabia. (2017). & Bouoiyour, Jamal, and Refk Selmi. "The Qatar-Gulf Crisis and Risk Management in Oil and Gas Markets." (2019).
21) Yüksel, E., Turkey's love-in with Qatar: A marriage of convenience. CRU Report, January 2021. available at: https://www.clingendael.org/sites/default/files/2021-03/drivers-of-turkish-qatari-relations.pdf

**Master thesis:**

22) Almotairy, Sami F. The Gulf Cooperation Council and the challenges of establishing an integrated capability for upholding security. NAVAL POSTGRADUATE SCHOOL MONTEREY CA DEPT OF NATIONAL SECURITY AFFAIRS, 2011.

**Official websites:**

23) CEIC, Qatar Crude Oil, Organization of Petroleum Exporting Countries 2019, Exports. Available at:

https://www.ceicdata.com/en/indicator/qatar/crude-oil-exports

24) Gcc, (undated (a), The Charter (1981). Derived From: https://www.gcc-sg.org/en us/AboutGCC/Pages/Primarylaw.aspx
25) Law no. (1) Of 2019 On Regulating Non-Qatari Capital Investment in the Economic Activity. Available at: https://investmentpolicy.unctad.org/investment-laws/laws/314/qatar-law-no-1-of-2019
26) US Energy Information Administration, Qatar is the largest exporter of liquefied natural gas (LNG) in the world, and the country's exports of LNG, crude oil, and petroleum products provide a significant portion of government revenues. eia official website, 2015. Available at:
https://www.eia.gov/international/analysis/country/QAT
27) The Ministry Of Foreign Affairs -The State of Qatar. The Qatar- US Strategic dialogue in 2018. (2018). Available at: https://www.mofa.gov.qa/en/all-mofa-news/details/2018/02/04/qatar-us-strategic-dialogue'-stresses-two-countries'-need-to-remain-close-allies
28) Ministry of Foreign Affairs-Qatar, Oil and Gas Sector, 2019. Available at: https://www.mofa.gov.qa/en/qatar/economy-today/oil-and-gas-sector
29) Oxford Business Group, the Report Qatar 2012, Oxford Business Group. 2012. available at: https://oxfordbusinessgroup.com/qatar-2012/economy
30) Strategic dialogue in 2018. (2018). Available at: https://www.mofa.gov.qa/en/all-mofa-news/details/2018/02/04/qatar-us-strategic-dialogue'-stresses-two-countries'-need-to-remain-close-allies

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

**الكتب والمقالات الاكادمية**

**الكتب:**

1) ثامر كامل محمد الخزرجي، النظام السياسي الحديثة و السياسات العامة، عمان/الأردن، دار المجداوي للنشر والتوزيع، (٢٠٠٤).
2) عدنان، المياحي، دبلوماسية مجلس التعاون الخليجي، تجاه الربيع العربي، منشورات زين الحقوقي، بيروت.، (٢٠١٩).

**المقالات الاكادمية:**

٣) إبراهيم اسعيدي. تطور السياسة الدفاعية القطرية بعد أزمة الحصا، ٢٠٢٠.
4) أخلاص قاسم نافل. "دور الغاز الطبيعي في تطور الاقتصاد القطري: الملامح

والآفـــاق."المجلة السياسة الدولية، ٢٠١٥.
5) أخلاص قاسم نافل. "دور الغاز الطبيعي في تطور الاقتصاد القطري: المـــلامح والآفـــاق، القاهرة، المجلة السياسية والدولية، ٢٠١٥.
6) لينا الخطيب، سياسة قطر الخارجية وموازين القوى في الخليج، مؤسسة كارنيغي للسلام الدولي، (٢٠١٤). ب.ص. موجودة على: https://carnegieendowment.org/sada/56584.
7) قاسم، جمال، مشكلات الأمن في الخليج العربي منذ الانسحاب البريطاني إلى حرب الخليج الثانية، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، الطبعة الاولى، الامارات.(١٩٩٧).
8) العجمي، ظافر، امن الخليج العربي: تطوره واشكاليته من منظور العلاقات الاقليمية والدولية. مركز دراسات الوحدة العربية. (٢٠٠٦).

**المواقع الرسمية الاكترونية**

9) الأمانة العامة لمجلس التعاون لدول الخليج العربية، (٢٠٢٠)، انطلاقة التعاون الأمني وأهداف. متوفر على الربط:
https://www.gccsg.org/arsa/CooperationAndAchievements/Achievements/SecurityCooperation/Pages/main.aspx
10) بي بي سي، العُديد :أكبر قاعدة جوية أمريكية في الخارج، (٢٠١٧). على رابط: https://www.bbc.com/arabic/middleeast-40293795
11) فرانس٢٤، قطر مستعدة للتوسط من أجل إقامة حوار بين دول الخليج وإيران. ٢٠٢١. ب .ص. متوفر على الرابط:
https://www.france24.com/ar/%D8%A7%D9%86
12) تقرير التنمية البشرية برنامج الأمم المتحدة الانمائي، نيويورك، ٢٠١١. على رابط: http://hdr.undp.org/en/reports/glabal
13) البنك الدولي ، "الاستثمار الأجنبي المباشر، صافي التدفقات (ميزان المدفوعات ، بالأسعار الجارية للدولار الأمريكي) قطر" البنك الدولي. ٢٠١٩/١٢/٣ https://data.worldbank.org/indicator/BX.KLT.DINV.CD.WD؟جهاز التخطيط والإحصاء في دولة قطر "مسح الاستثمار الأجنبي في قطر" ، (٢٠١٩)، ١٣ صفحة. للمزيد من المعلومات انظر الرابط الرسمي للجهاز التخطيط والإحصاء للدولة قطر في: https://www.psa.gov.qa/ar/statistics1/pages/topicslisting.aspx?parent=Economic&child=ForeignInvestment.
14) الوقع الرسمي لمركز الاحصئي للدولة قطر, إجمالي السكان المتواجدون في قطر, ٢٠٢١. متاحة على الرابط:
https://www.psa.gov.qa/ar/statistics1/StatisticsSite/pages/population.aspx
15) محمد فريد محمود، بالأرقام.. اقتصاد قطر ينهي عام الحصار الثالث بقوة أكبر، الدوحة / الأناضول، ٢٠٢٠. https://www.aa.com.tr/ar
16) قرير جهاز التخطيط و الحصاء، الآفاق الإقتصادية لدولة القطر، ٢٠٢٠.
https://www.psa.gov.qa/en/knowledge/Doc/QEO/Qatar-Economic-Outlook-2020-2022-Ar.pdf